قەسابخانەی ژمارە پێنج

سەرچاوە
سلاخ خانەء شمارە ٥
ون گوت كورت
مترجم: علی اصغر بهرامی
انتشارات روشنگران و مطلعات زنان
چاپ اول ١٥٧٢
چاپ دوم ١٣٨١

ناوی کتێب: قەسابخانەی ژمارە پێنج
نووسینی: کوورت ڤۆنێ گات
وەرگێڕانی: عەتا نەهایی
بابەت: ڕۆمان
مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان فەرەج
ڕووبەرگ: کامبیز کەریمی
پیتچن: دیاری
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نرخ: ٣٠٠٠ دینار
ژمارەی سپاردن: ١٤٦٤ی ٢٠٠٨
دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
چاپی : یەکەم سالّی ٢٠٠٨
کوردستان -سلێمانی
www.serdam.net
www.serdam.info

کوورت ڤۆنێ گات جوونێر

قەسابخانەی ژمارە پێنج

(ڕۆمان)

وەرگێڕانی

عەتا نەهایی

(لەگەڵ خوێندنەوەیەکی کورتی وەرگێڕ)

سلێمانی ٢٠٠٨

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٤٥٧)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

ئەوسا ئێدگار دێربی کلۆلّی خۆمان خوتبەی دا. بۆ ئەو ئامۆژگارییە بەنرخانە، سپاسی کابرای ئینگلیسی کرد و گوتی بڕیار دەدا بە وردی بەکاریان بهێنێت. گوتی دلّنیایە هەموو ئەمریکاییەکانیش ئەو کارە دەکەن. گوتی سەرەکیترین بەرپرسایەتیەکەی ئەوەیە کە کارێک بکات هەموو ئەمریکاییەکان بە سلّامەت بگەڕێنەوە بۆ ئەمریکا.

پۆل لازارۆ لە ناو هێلانە نیلییەکەیدا، لەبەر خۆیەوە گوتی: «بڕۆ ناپیاو... بڕۆ و گووی زیایی مەخۆ.»

ئەو رۆژە هەوا ئەوەندە گەرم بوو کە هەمووانی نیگەران دەکرد. نیوەڕۆ وەک مەلحەم، ئاسوودەیی دەبەخشی. ئالّمانییەکان بە دوو داشقەی دوو چەرخ، کە رووسەکان رایاندەکێشا، نان و سووپیان بۆ هێنان. ئینگلیسییەکان قاوەی راستەقینە و شکر و موربا و جگەرە و جگەرەی بەرگیان بۆ ناردن و، دەرکەی هۆلّی نمایشەکەیان کردەوە تا هەوای گەرم بچێتە ژوور.

ئەمریکاییەکان بەرەو چاکبوونەوە بوون. ئیتر ریخۆلّە کورت نەبوون و خواردن لە گەدەیاندا دەمایەوە. ئەوسا کاتی رۆشتن بۆ درێسدێن گەیشت. ئەمریکاییەکان تا رادەیەک ریّک و پێک، بە رۆشتنی سوپایی، شوێنی ئینگلیسییەکانیان چۆلّ کرد. دیسان بیلی پیل گریم لە پێش هەموو ریزەکەوە دەڕۆشت. ئەو ئێستا پۆتینی زیوی لە پێدا بوو، خەزێکی ژنانەی بە دەستەوە بوو، کوتێک لە پەردە نیلییەکەی وەک عابا بە شاندا دابوو. بیلی هێشتا ریشی نەتاشیبوو. ئێدگار دێربی کلۆلّی خۆشمان کە لە لای ئەوەوە دەڕۆشت، بە هەمان شێوە بوو. دێربی لە دنیای خەیالّاتیدا نامەی بۆ بنەمالّەکەی دەنووسی و، لێوی بەدەم گوتنی بێدەنگی وشەکانەوە دەلەرینەوە.

مارگارێتی ئازیزم، ئیمڕۆ بەرەو درێسدێن دەچین. خەم مەخۆ. هەرگیز درێسدێن بۆردوومان ناکرێت، درێسدێن شارێکی کراوەیە. نیوەڕۆ هەلّبژاردن بوو. پێتوایە کێیان هەلّبژاردبێ؟ و... شتی لەم بابەتانە.

دیسان گەیشتنە مەحەوەتەی ئۆردووگاکە. کاتی هاتن بۆ ئۆردووگا تەنیا دوو ڤاگۆنییان هەبوو، بەڵام کاتی بەجێهێشتنی، بۆ ئەوەی ئاسوودە بن، بە چوار ڤاگۆن دەرۆشتن. دیسان تەرمی کرێکارە دەسگیرکەیان بینییەوە. وەک زارۆکی ناو سکی دایکی خەوتبوو. تەنانەت بە مردوویش هەوڵی دەدا لە پاڵ ئەوانیتر، وەک کەوچک لاشان راکشێت. کەسێتری لە پال نەبوو. لەناو هەوای خۆڵەمێشی و تراودا راکشابوو. پۆتینەکانیان لە پێ دەرهێنابوو. قاچە رووتەکانی شین و وەک عاج بوون. لەبەر چەند هۆ مردنەکەی زۆر خراپیش نەبوو. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

سەفەر بۆ درێسدێن وەک سەیران بوو. تەنیا دوو سەعاتی خایاند. سکە بچووکە گرمۆڵە بووەکان پر بوون لە خواردن. لە رێگەی دەلاقەی هەوا گۆڕینەوە، هەتاو و هەوایەکی خۆش دەهاتە ژوور. ئینگلیسییەکان کۆڵێک جگەرە و تووتنیان پێدابوون.

ئەمریکاییەکان سەعات پێنجی دوانیوەڕۆ گەیشتنە درێسدێن. دەرکەی ڤاگۆنەکان کرانەوە، رەنگە دیمەنی جوانترین شاری دنیا، لەناو چوارچێوی دەرکەکاندا دەرکەوت. زۆربەی ئەمریکاییەکان هەرگیز شارێکی ئەوەندە جوانیان نەبینیبوو. روانگەی شارەکە لە لای سەرووەوە تێکەڵ و هەوەسباز و سیحراوی و ناواقایعی دەهاتە بەرچاو. بە بۆچوونی بیلی پیل گریم لە دیمەنی بەهەشت، لە ناو کتێبە ئایینییەکانی رۆژی یەکشەمە دەچوو.

لە ڤاگۆنەکەدا، کەسێک لە پشت سەرییەوە گوتی: «شاری ئۆز[1].» ئەو کەسە من بووم. بۆخۆم، نووسەری ئەم کتێبە. تەنیا شارێک کە من تا ئەو کاتە بینیبووم شاری ئیندیانا پۆلیس، سەر بە ویلایەتی ئیندیانا بوو.

---

[1] – ئاماژەیە بۆ شارێکی خەیاڵی لە چیرۆکی جادووگەری شاری ئۆز (oz)

نیوەی شارەکانی ئاڵمان بە شێوەیەکی ترسناك بوردوومان کرابوون و سووتابوون. بەڵام تـا ئەو کاتە دڕێسدێن بە سەلامەتی دەرچووبو، تانەت پەنجەرەیەکیشی نەشکابوو.

هەموو رۆژێـك دەنگـی ئـاژیری مەترسـی وەك زایەڵـەی قیـژەی دەوزەخییـەکان بـەرز دەبووەوە، دانیشتوانی شارەکە پەنایان بۆ ژێرخانەکان دەبرد و، لەوێ گوێیان لـە رادۆیکانیـان دەگرت. مەبەستی فڕۆکەکان هەمیشە شاریتری وەك لایپزیگ، شمینتـز، پـلاون و ئـەم جـۆرە شوێنانە بوو. بەڵێ، کری دنیا ئاوایە.

رادیاتۆرە هەڵمییەکان هێشتا لە دڕێسدێن فیکەی شادیان لێدەدا. قەتارەکان بە تەق و تۆق لە هات و چوودا بوون. تەلەفۆنەکان زەنگیان لێـدەدا و هەمیـشە کەسـێك بـوو کـە بـەرزیان بکاتەوە. کە کلیلی کارەبایان لێدەدا، چراکان هەڵدەکران و دەکووژانەوە. تیـاتر و رسـتورانەکان دەرکەیان کراوە بوو. باخچەی ئاژەڵان دڕێژەی بە کاری خۆی دەدا. پیشەسازییە سەرەکییەکانی شار، دەرمانسازی و بەرهەمهێنانی خواردەمەنی و جگەرە و تووتن بوو.

سەعاتە کۆتاییەکانی دوانیوەڕۆ بوو، خەڵك لەسەر کـار بـەرەو ماڵـەکانیان دەگەڕانـەوە. ماندوو بوون.

هەشت کەس لە دانیشتوانی دڕێسدێن بەسەر هێڵە ئاسن و ئاڵۆزەکانی قەتاردا، کـە وەك ماکارۆنی پۆڵایی بوون، تێدەپەڕین. هەموویان جلوبەرگی تازەی سوپاییان لەبـەردا بـوو، رۆژی پێشوو سوێندی چوونە ناو سوپایان خواردبوو. دەستەکە لە کوڕانی مێرمندالّ و پیاوانی تەمەن پەنجا سالّ بەرەو ژوور پێکهاتبوو. دوو سەربازی بە ئەزموونیشیان لەگەڵ بـوو کـە لـە بـەرەی رووسیە بە گوللە پێکرابوون. ئەرکی ئەو سەربازانە پارێزگاری لە سەد کەسی ئەمریکایی بـوو، کە بڕیار بوو لە دڕێسدێن بە شێوەی بەڵێندەر کار بکەن. باوە گەورەیەك و نەوەکەی دوو کەسی ئەم دەستەیە بوون. باوەگەورەکە ئارشیتێکت بوو.

ئەم هەشت کەسە، بە روخساری گرژ و مۆنەوە لە ڤاگۆنی زیندانییەکان نزیک بوونەوە. بۆخۆشیان دەیانزانی کە رواڵەتی سوپاییانەیان چەندە گێلانە و شەق و شڕە. یەکێك لەوان قاچێکی دەسکرد بوو، بێجگە لە تفەنگە پڕەکەی گۆچانێکیشی هەڵگرتبوو. بەو حاڵەش، چاوەڕوانی ئەوەیان لێدەکرا کە لە لایەن ئەمریکاییە باڵا بەرز و بەدەمار و خوێنخۆرەکانەوە، کە لە کوشت و کوشتاری بەرەکانی شەڕەوە هاتبوون، ڕێزیان لێ بگیردرێت و، ئەم ئەمریکاییانە بە قسەیان بکەن.

ئەوسا بیلی پیل گریمیان بە ریشی درێژ و عاباکەی شین و پێڵاوی زیوین و خەزی دەستی ژنانەوە بینی، کە دەستی لە خەزەکەدا شاردبووەوە. تەمەنی لانیکەم شەست ساڵ دەبوو. لە دوای بیلیش، پۆل لازاڕۆی وردیلە بە دەستە شکاوەکەیەوە ڕاوەستابوو.، لەبەر هاری، خیسە خیس لە سنگییەوە دەهات. لە دوای لازاڕۆش، ئێدگار دێربی، مامۆستای کڵۆڵی خۆمان ڕاوەستابوو. ئەو بە شێوەیەکی پڕ ئازار بە نیشتمان پەروەریی ناوین سالّی و ئاوەزی خەیاڵی خۆیەوە بارگاوی بوو، هەندێك شتیتری لەم بابەتە.

هەشت دڕێسدێنیە مەسخەرەکە دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد تا بزانن ئایا ئەم سەد بوونەوەرە مەسخەرەیە بە ڕاست ئەو ئەمریکاییە شەڕکەرانەن کە تازە لە بەرەکانەوە هاتوون. ئەوان سەرەتا بزەیان هاتێ و پاشان قاقا پێکەنین. ترسەکەیان بوو بە هەڵم. شتێکی ترسناك لە ئارادا نەبوو. ئەوان لەبەرامبەر خۆیان کۆمەڵە مرۆڤێکی لار و لەوێرتر و گەوجتر لە خۆیان دەبینی. ئۆپەرای سووکی لە ئارادا بوو.

بەمشێوە ئەم دەستەی ئۆپەرای سووکییە، لە دەروازەی وێستگەی قەتارەکانەوە هاتنەدەر و خۆیان بە شەقامەکانی دڕێسدێندا کرد. بیلی پیل گریم ئەستێرەی دەستەکە بوو، کە لە پێش هەموویانەوە دەڕۆشت. پیادەڕۆکان پڕ بوون لەو خەڵکە کە لەسەر کارەکانیانەوە بەرەو ماڵ دەبوونەوە. هەموویان لار و لەوێر و، ڕەنگییان وەك ئاوی قسڵ بوو. زۆربەیان دوو ساڵی

رابوردوو، بێجگە لە پەتاتە خواردنێکی تریان نەخواردبوو. بە هەوای خۆش و نـەرمی رۆژەکـە رازی بوون و چاوەڕوانی خێر وبەرەکەتیان لە کەس نەدەکرد. بەڵام ـــ لـە پـڕ ـــ رووبـەڕووی دیمەنێك بۆ رابواردن و شادی کردن ببوونەوە.

بیلی چاوی بە چاوی زۆربەی ئەو سەیرکەرانە نەکەوت کە بیچم و قەڵافەتی ئەویان بـەلاوە سەیر و سەرقاڵکەر بوو. شێوەی بیناسـازی شـارەکە هـەموو هۆشـی قۆسـتبووەوە. بـە ژوور پەنجەرەکانەوە، کیوپیدە[1] بچووکەکان بە روخـساری شـادیانەوە، وەك دەسـتووی گـوڵ پەلکـە کرابوون. فەونەکان[2] بە روخساری شەیتانانە و پەریپەکانیش بە لەشی رووت، لە نـاو گەچـبڕی قرنیزە رازاوەکانەوە، بە سیلەی چاو لە بیلییان دەڕوانی. مەیموونە بەردینەکان، بە نـاو لاولاو و سەدەف و قامیشەکاندا هەڵدەسووڕان.

بیلی پیل گریم کە ئاگای لە داهاتوو بوو، دەیزانی تا سی رۆژیتر شارەکە خاپوور دەکرێ و لە ئاگردا دەسووتێ. دەیزانی زۆربەی ئەم خەڵکە کە سەیری ئەو دەکەن، دەمرن. بـەڵێ، کـاری دنیا ئاوایە.

بیلی بەدەم رۆشتنی سوپاییەوە، دەستەکانی لە ناو خەزەکەدا خستە کار. دەیویست بزانێ ئەم دوو شتە چییە کە لە ناو بـەری پـاڵتۆی سـەرۆکی کورتـەباڵای قەشمەڕەکاندایـە. نـووکی پەنجەکانی لە بەری پاڵتۆکە رۆکرد. چەند جارێك ئەو شـتە وەك نۆکـە و ئـەو شـتە وەك نالـە ئەسپەی بە قامك تاقی کردەوە. ریزی سەربازەکان بەناچار لە سووچـی شـەقامێکی قـەرەباڵغ راوەستا. ترافیك لایتەکە سوور بوو.

---

[1] – **Cupid** لەئەفسانە یونانییەکاندا کیوپید لە شێوەی منـدالّی رووت و باڵدار دەردەکـەون کـەتـیر و کـەوانێکیان بـە دەستەوەیە کەنیشانەی عەشقە.

[2] – **Faun** لەئەفسانەکانی یوونان فەون رەبولنەوعی مەزرا و مێگەل و مەڕە کەبە شێوەی مرۆڤ دەردەکـەون و کلك و گوێیان وەك بزن تیژە.

0 " 3> % 9

! ! 9 ! / " > : + / ; +) 5

+ 1> v) / + " 3> < >+ % >

کەسێك بە شەرمەوە شیشەی کارگەکەی دەکوتا. دێربـی راوەسـتابوو، هـەموو شـتێکی دەبینی. ئەویش داوای شەربەتی دەکرد.

بیلی نوقڵێکی بۆ ئەویش ساز کرد و لە زاری کراوەی دێربی کڵۆڵی خۆمانی رۆ کرد. دوای ساتێك دێربی لە پڕمـەی گریانیـدا. بیلـی پەنجەرەکـەی پێـوەدا و کەوچـکە چەسـپاوییەکەی شاردەوە. کەسێك واوە دەهات.

هەشت

دوو رۆژ بەر لە تیاچوون و خاپوور بوونی دریسدێن، میوانێکی زۆر سەیر هات بۆلای ئەمریکاییەکانی ناو قەسابخانە. میوانەکە هۆوارد دەبلیو کامپبێل جونییر، ئەمریکاییەك بوو کە ببوو بە نازی. کامپبێل هەر ئەو کەسەیە کە لە سەر پەلۆخکاری دیلە ئەمریکاییەکانی نووسیبوو. ئەو ئێستا وازی لە لێکۆلینەوەی زیاتر لە بارەی دیلەکانی شەڕ هێنابوو. هاتبوو بۆ قەسابخانە تا بۆ یەکەیەکی سوپایی ئالمان، بە ناوی « سوپای ئەمریکای ئازاد »، ئەندامی خۆبەخش کۆبکاتەوە. کەمپبێل دامەزرێنەر و فەرماندەی ئەم یەکەیە بوو، قەرار وابوو تەنیا لە بەرەی شەڕی رووسیەدا بجەنگێت.

بیچم و قەڵافەتی کەمپبێڵ ئاسایی بوو، بەڵام قاتێك جلی سوپایی ئێجگار بە باق و بریقی لەبەردا بوو کە خۆی دیزاینی کردبوو. کڵاوێکی سپی ئێجگار گەورەی بەسەرەوە بوو کە بە قەدەر لەگەنێك دەبوو. هەروەها جووتێك چەکمەی رەشی لە پێدا بوو کە بە خاچی شکاو و ئەستێرە رازابووەوە. ئەو خۆی لە کێڵانێکی گۆرەوی ئاسا رۆ کردبوو کە هێڵی زەردی بوو، لە بن باڵییەوە تا پاژنەی پێی دادەپۆشی. سەرشانەکانی بریتی بوون لە هێڵکاری روخساری ئابراهام لینکۆڵن لە زەمینەیەکی سەوزی کەمڕەنگدا. قۆلبەندێکی پانی سووری لە باسکدا بوو کە خاچێکی شکاوی شین لە ناو جەغزێکی سپیدا کێشرابووەوە.

کەمپبێڵ لە گەورێکدا کە بە بلۆکی چیمەنتۆ ساز کرابوو، خەریك بوو دیزاینی قۆلبەندەکەی بۆ ئەمریکاییەکان شی دەکردەوە.

بیلی پیل گریم بە درێژایی ئەو رۆژە کەوچك کەوچك شەربەتی مالێتی خواردبۆوەو، ئێستا تووشی دڵەکزە بووبوو. دڵەکزەکە چاوی پڕ کردبوو لە فرمێسك، وەها کە وێنەی کەمپبێڵ لە پشت شیشەی لەرزۆکی سوێراوەکەی چاوییەوە خوار خێچ دەبوو.

کەمپبێڵ دەیگوت: «شین رەنگی ئەمریکایە. سپی رەنگی ئەو رەگەزەیە کە دەستیان بە ئاوەدان کردنەوەی قارەی تازە کردووە، زەلکاوەکانیان وشك کردووەتەوە، دارستانەکانیان لە سەر رێ بڕیوەتەوە و جادە و پردیان ساز کردووە. سووریش سەمبۆلی خوێنی ئەو ئەمریکاییە نیشتمان پەروەرانەیە کە سالانێکی دوور و درێژ بە رەزامەندی خۆیان خوێنیان لەسەر ئەو خاکە رژاوە.»

گوێگرەکانی کەمپبێڵ هەمویان خەوالوو بوون. ئەوان بە درێژایی رۆژ لە کارگەی شەربەت سازی کاری قورسییان کردبوو، لەوە دواش تا بگەنەوە بۆ ماڵەوە رێیەکی زۆریان بڕیبوو. ئەوان پێست و دوو چڵ ئێسك بوون و چاویان بە قوولڵدا چووبوو. هەندێك بریںی بچووکیش لەسەر پێستیان پشکوتبوو. ناو دەم و قورگ و ریخۆڵەکانیشیان تووشی ئەم گرفتە ببوو. لە ناو ڤیتامین

و ئەو مادە كانزاییبانە كە مرۆڤە زەوینییەكان پێویستیان پێی بوو، ئەو شەربەتە مالتەی كارگە، كە كەوچك كەوچك هەڵیاندەقوڕاند، تەنیا چەند جۆر ڤیتامین و مادەی كانزایی تێدا بوو.

ئێستا كەمپبێل، بەو مەرجە كە بچوونایەتە ناو «سوپای ئەمریكای ئازاد»ەوە، وەعدی خواردنی وەك بیفتك و پوورەی پەتاتە و ساسی گۆشت و قولیچەی گۆشتی پێ دەدان. كەمپبێل بەردەوام قسەی دەكرد: «كە رووسەكان تێشكان، لە رێگەی سویسەوە دەتانگەڕێنینەوە بۆ وەڵاتەكەتان.»

كەس هیچی نەگوت.

كەمپبێل گوتی: «درەنگ یان زوو ناچار دەبن لەگەڵ كۆمۆنیستەكاندا بەشەڕ بێن. كەواتە بۆ هەر ئێستا مشووریان ناخۆن؟»

پاشان دەركەوت كە كامپبێل بە بێ وەرگرتنی وەڵام لەوێ ناچێتە دەر. دێربی كڵۆڵی خۆشمان، هەمان مامۆستای چارەڕەشی قوتابخانە، بە گران هەستایە سەر پێ تا ئەو دەورە بگێڕێت، كە پێدەچوو جوانترین دەوری ژیانی بێت.

ئەم چیرۆكە، تا رادەیەك گرینگی بە داڕشتنی كەسایەتییەكان نەداوەو، رووبەڕوو بوونەوەی كەسایەتییەكانیشی مەبەست نییە. هۆی ئەم كارەش ئەوەیە كە كەسانی ئەم چیرۆكە زۆربەیان مرۆڤی ئێجگار نەخۆش و گەمەچی بێ هەڵوێستی هێزە زۆر گەورەكانن. جگە لە هەموو ئەمانەش، یەكێك لە كاریگەرییە سەرەكییەكانی شەڕ، سەركوت كردنی فەردانییەتی مرۆڤە. بەڵام دێربی خۆمان ئێستا، لەو كاتەدا، پەی بە فەردانییەتی خۆی بردبوو.

راوەستانەكەی لە راوەستانی وەرزشكارێكی مستەكۆڵە دەچوو، كە زەربەتی مستەكۆڵەی بەرامبەرەكەی وڕی كردبێت. سەری داخستبوو، مستەكانی لە بەر رووەتی راگرتبووە، چاوەڕوانی رێنوێنی و تاكتیكی پاڵەوان بازییەكە بوو. دێربی سەری هەڵبڕی و بە كامپبێڵی

گوت ئەفعی. پاشان، بە قسەکەی خۆیدا چووەوە و گوتی ئەفعی بێجگە لە ئەفعی بوون چارێکیتری نییە، بەڵام کامپبێل کە دەتوانێ شتێکی جگە لەوە بێت کە ئێستا هەیە، لە هەر افعی یان مشك یان تەنانەت لە هەر گەنەیەکی پڕ لە خوێنیش پیسترە.

کامپبێل زەردەخەنەی بۆ کرد.

دۆربی بە خۆشییەوە باسی سیستەمی ئەمریکای کردو، لە ئازادی و دادپەروەری و ئەو دەرفەت و ئیمکاناتانە دوا کە لەبەر دەستی هەموان دایە. گوتی لە ناو ئێمەدا کەس نییە ئامادە نەبێ لە پێناوی ئەم ئیدیالانە گیانی خۆی فیدا بکات.

دۆربی باسی برایەتی نێوان ئەمریکایی و رووسەکانی کرد و لە چالاکی ئەم دوو نەتەوە بۆ تێکشکانی نازیسم دوا کە دەیەوێت هەموو جیهان پیس بکات.

لووردی ئاژیری هێرشی ئاسمانی بۆ درێسدێن، بەماتەمباریيەوە بەرز بووەوە.

ئەمریکاییەکان لەگەڵ کامپبێل و نیگابانەکان پەنایان بۆ مەخزەنی گۆشتەکە برد کە لە دڵی گابەردی ژێر قەسابخانەکە چێ کرابوو. دەنگ لەو مەخزەنەدا پەنگی دەخواردەوە. پلیکانەیەکی ئاسنی مەخزەنەکەی بە سەر عەرزەوە دەبەستەوە، لای سەر و لای خوارەوی پلیکانەکەش دوو دەرکەی سانی لێبوو.

لە مەخزەنەکە، چەند سەر گا و مەڕ و بەراز و ئەسپ بە قولاپە ئاسنییەکاندا بەر ببوونەوە. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە. هەزاران قولاپی بەتاڵ بۆ هەزاران سەریتریشی لێبوو. ئەگەرچی سیستەمی فێنك کەرەوەی نەبوو، بەڵام شوێنێکی فێنك بوو. مۆمی لێ دەئایسا. دیوارەکانیان سپی کردبووەوە. بۆنی ئەسید فینیك هەموو شوێنێکی گرتبوو. لە پاڵ دیوارەکاندا کورسی لاکێشەیان دانابوو. ئەمریکاییەکان بەرەو کورسییەکان چوون و، بەر لەوەی دابنیشن دۆغاوی وشکی سەر کورسییەکانیان خاوێن کردەوە.

هۆوارد دەبلیو کامپبێڵ جونییۆر وەك نیگابانەکان بە سەر پێوە راوەستابوو، بە ئاڵمانییەکی پاراو لەگەڵ نیگابانەکان دەدوا. لە سەردەمی خۆیدا، هەندێك شێعر و شانۆنامەی بە زمانی ئاڵمانی نووسیبوو کە خەڵك پێیان خۆش بوو. لەگەڵ ئەکتەرێکی بە ناوبانگیش کە ناوی نورت بوو زەماوەندی کردبوو. ئێستا هاوسەرەکەی مردبوو. ئەو لە کەریمە، لە کاتی بەڕێوە بردنی پرۆگرامێك بۆ سەربازەکان کوژرابوو. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

ئەو شەوە هیچ رووی نەدا. شەوی دوایی قەرار بوو نزیکەی سەد و سی هەزار کەس لە خەڵکی درێسدێن بمرن. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە. بیلی لە مەخزەنی گۆشتەکە خەوی لێکەوت. ڕێك بەو وشە و بەو جموجوولەی کە لە دەسپێکی ئەم چیرۆکەدا باسی کراوە، دیسان خۆی لە کاتی مشت و مڕ لە گەڵ کچەکەیدا بینیەوە.

کچەکەی گوتی: «بابە، دەبێ **چیت لێ بکەین**؟» و هەندێك قسەی لەم بابەتانە.

کچەکە گوتی: «دەزانی حەز دەکەم کێ بکووژم؟»

بیلی گوتی: «حەز دەکەی کێ بکوژی؟»

«ئەم هەتیوە گیلگور تراوتە.»

ئەڵبەت گیلگور تراوت چیرۆکی خەیاڵی دەنووسی و، هێشتاش دەیاننووسێت.

بیلی وێڕای خوێندنەوەی دەیان بەرهەمی تراوت لە گەڵیشی بوو بە برادەر. تراوت پیاوێکی تاڵە .

تراوت لە ئیلیوم، لە دوو سێ کیلۆمەتری ماڵە سپی و جوانەکەی بیلی، لە ژێرخانێکی کرێدا دەژی. تراوت بۆخۆشی نازانێ چەند چیرۆکی نووسیوە. ڕەنگە حەفتا و پێنج دانە. هیچکام لە چیرۆکەکانی پارەی باشیان نەکردووە، بۆیە بۆ ئەوەی دریژە بە ژیانی بدات، بووە بە بەرپرسی بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی **ئیلیوم گازێت**. بووە بە سەرۆکی منداڵانی بڵاوکەرەوەی

رۆژنامەکەو، بە درۆ و دەلەسە و فیڵ و زۆرەملە، منداڵە بچووکەکان ناچار بە کار کردن دەکات.

بیلی یەکەمجار لەسالّی ١٩٦٤ لەگەڵ تراوت رووبەڕوو بووەوە. رۆژێك بیلی بە کادیلاك بە کۆڵانەکانی ئیلیومدا تێدەپەڕی. لە یەکێك لەم کۆڵانانەدا چاوی بە کۆمەڵێك منداڵکەوت کە بە بایسکێڵەکانیان سەر ڕێگەیان گرتبوو. ئەوان لەدەوری کابرایەکی ڕێژ درێژ کۆببوونەوە کە فشەی بۆ دەکردن. کابرا لە کەسێکی ناپیاو و ترسناك دەچوو، دیار بوو باش لە کارەکەی دەزانێت. ئەودەمە تراوت شەست و دوو سالّی تەمەن بوو. بە منداڵەکانی دەگوت تەنانەت ئەگەر قوونیشیان دەرهاتووە دەبێ کارێکی وابکەن کە مشتەرییەکان، ژمارەی ڕۆژی یەکشەمەی ئەم ڕۆژنامە قۆڕەش بکرن. دەیگوت: « هەر کەس لە دوو مانگی داهاتوودا زۆرترین ژمارەی یەکشەمە بفرۆشێت خەڵاتی دەکەم. بۆ ماوەی حەفتەیەك خۆی و دایك و باوکی بە بەلاش دەنێرم بۆ ڕەزە بەزیاد نەبووەکەی مارتاو، هەندێك شتی لەم بابەتانە.

یەکێك لە منداڵە ڕۆژنامە فرۆشەکان، کە لە ڕاستیدا کچۆڵەیەك بوو، وەك کارەبا گرتبێتی گەشکەی لێهات.

بیلی ڕەسمی ڕوومەتی تراوتی لە پشت زۆر کتێبەوە بینیبوو، بۆیە ئەو ڕوومەتە شێت ئاسایە بەلایەوە ئاشنا بوو. بەڵام ئێستا کە لە کۆڵانێکی شارەکەیدا بەمشێوە ڕووبەڕووی دەبووەوە، لە هۆی ئاشنا بوونی ڕوومەتی ئەم کابرایە نەدەگەیشت. بیلی مەزندەی دەکرد کە ئەم مەسیحە شێواوەی لە شوێنێکی شاری درێسدێن بینیبێت. تراوت لە دیلێکی شەڕ دەچوو.

پاشان کچۆڵە ڕۆژنامە فرۆشەکە دەستی بەرز کردەوە و گوتی: «ئاغای تراوت، ئەگەر من بیبەمەوە دەتوانم خوشکەکەشم لەگەڵ خۆم ببەم؟»

کیلگور تراوت گوتی: «بێگومان نا، پێتوایە پارە وەك گەڵا بە دارەوە دەڕوێت؟»

رێکەوت وابوو کە تراوت کتێبێکی لە بارەی داری پارەوە نووسیبوو. ئەو دارە کە لە بـری گەڵا بیست دۆلاری لێ شین دەبوو. گوڵەکانی دارەکە پەڕەی بۆرسی دەوڵـەتی‌و، میوەکانیـشی ئاڵماس بوو. داری پارە مرۆڤەکانی بـەرەو خـۆی رادەکێـشاو، ئـەوان لـە دەوروبـەری رەگ و ریشاڵەکانی، یەکتریان دەکوشت و دەبوونە پەینێکی باش بۆ دارەکە.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

بیلی پیل گریم کادیلاکەکەی لە کۆڵانەکە راگرت و، چاوەڕوانی کۆتایی کۆبوونەوەکە بوو. کە کۆبوونەوەکە کۆتایی هات، کوڕێکی منداڵ لەوێ راوەسـتا و تـراوت ناچـار بـوو لەگـەڵی بدوێت. کوڕەکە دەیویست واز لە کارەکەی بهێنێ، چونکا کارێکی دژوار بـوو. سـەعاتی کـار کردنەکەی زۆر بوو، حەقدەستەکەشی کەم بوو. ئەو بابەتە بەلای تراوتەوە گرینگ بوو. چـونکا ئەگەر ئەو کوڕە وازی لە کارەکەی بهێنایە، تراوت ناچار بوو تا دۆزینەوەی هـەتیوە پرچـنێکی تر، خۆی بەشە رۆژنامەی ئەو کوڕە بڵاو بکاتەوە.

تراوت بە لەحنێکی پڕ لە سووکایەتییەوە لە کوڕەکەی پرسی: «تـۆ چـیت؟ هەتیوەیـەکی سەیر و سەمەرەی ترسنۆك؟»

وشەی **سەیروسەمەرەی ترسنۆك**یش ناوی کتێبێکی تری تراوت بوو. چیرۆکەکە لە بـارەی رۆبۆتێکەوەیە کە دەمی بۆگەنی لێدێ و، پاش مالیجەی بۆگەنەکەی دەمـی، لـە لای خـەڵك خۆشەویست دەبێت. ئەو کتێبە لە ساڵی **١٩٣٢**دا نووسراوەو، گرینگی چیرۆکەکە لەوەدایە کە پێشبینی کەڵك وەرگرتنی بەربڵاو لە ژلەی بەنزین[١] بۆ سووتاندنی مرۆڤەکان دەکات.

---

[١] - **Jellied gasoline**

بە فڕۆکە ژلەی بەنزینیان بەسەر خەڵکەکەدا رشت. رۆبۆتەکان ئەم کارەیان کرد. رۆبۆتەکان نەك هەر ویژدانیان نەبوو، بەڵکوو نەشیاندەتوانی ئەو بەڵایە ببینن کە بەسەر خەڵکەکەیاندا هێناوە.

رۆبۆتە سەرەکییەکەی تراوت لە مرۆڤ دەچوو، قسە کردن و سەما کردن و ئەم جۆرە شتانەی دەزانی و دەیتوانی لەگەڵ کچاندا بچێتە دەر. ئەگەرچی کەس تاوانی رشتنی ژلەی بەنزینی نەدەدایە پاڵ ئەو، بەڵام نەیاندەتوانی چاوپۆشی لە بۆگەنی دەمی بکەن. تا ئاخرییەکەی رۆژێك بۆگەنی دەمی نامێنێ و، وەك مرۆڤێك لە ناو خەڵکدا وەردەگیرێت.

تراوت لە مشتومەڕ لەگەڵ ئەو کوڕە کە دەیویست واز لە کارەکەی بهێنێت، دۆڕا. تراوت باسی ئەو ملوێنەرانەی بۆ کرد کە بە منداڵی رۆژنامە فرۆش بوون و کوڕەکەش لە وەڵامدا گوتی: « ئەرێ. بەڵام حەتمەن لە پاش حەوتوویەك وازیان لەو کارە هێناوە. پیاو باوکی دێتە بەرچاوی. »

ئەوسا کوڕەکە تووڕەکەی پڕ لە رۆژنامەو، ئەو کتێبە کە ناونیشانی مشتەرییەکانی لەسەر نووسرابوو، خستە بەر پێی تراوت. ئێستا ئیتر بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکان کەوتبووە ئەستۆی تراوت. ئەو ئوتومبێلی نەبوو. تەنانەت بایسکێلیشی نەبوو، وەك بزن لە سەگ دەترسا.

لە شوێنێك، سەگێکی گەورە وەڕی.

کاتێك تراوت بە دۆخێکی خەمبارەوە تووڕەکەی خستە سەر شانی، بیلی پیل گریم لێی چووە پێش و گوتی: «ئاغای تراوت.»

«بەڵێ؟»

«تۆ... ناوی تۆ **گیلکور** تراوتە؟»

«بەڵێ.»

تراوت پێیوابوو بیلی لە شێوەی بڵاو کردنەوەی رۆژنامەکان بەگلەییە. تراوت، تەنیا لەبەر ئەوەی کە دنیا هەرگیز ئیزنی ئەوەی پێنەدابوو خۆی بە نووسەر بزانێت، خۆی بە نووسەر نەدەزانی.

بیلی گوتی: «هەر ئەو... هەر ئەو تراوتە نووسەرە؟»

«تراوتی چی؟»

بیلی دڵنیا بوو کە بە هەڵە چووە. «نووسەرێك هەیە کە ناوی کیلگور تراوتە.»

«بە راستتە؟»

تراوت گێژ ببوو، دۆخێکی گەوجانەی وەرگرتبوو.

«تۆ هەرگیز ناوی ئەوت نەبیستووە؟»

تراوت سەری راوەشاند و گوتی: «کەس... ئەرێ، کەس ناوی ئەوی نەبیستووە.»

بیلی، تراوتی سوار کادیلاکەکەی کرد و بۆ بڵاو کردنەوەی رۆژنامەکان، مااڵ بە مااڵ گێڕای. بیلی پیاوێکی بەرپرس بوو. مااڵکانی دەدۆزییەوە و ناوەکانیانی نیشانە دەکرد. میشکی تراوت گەرم داهاتبوو، هەرگیز کەسی وەك لایەنگر نەبینیبوو. ئەویش لایەنگرێکی قورس و گەرمی وەك بیلی.

تراوت بۆی گێڕایەوە کە هەرگیز نەیدیوە بۆ کتێبەکانی پڕۆپاگەندە بکرێت، یان کەسێك لە شوێنێك رەخنەیەکییان لەسەر بڵاو بکاتەوە، یان لە شوێنێك هەڕاج بکردرێن. گوتی: «بەدرێژایی ئەم هەموو سااڵە ویستوومە دەلاقەکان بکەمەوە و لەگەڵ دنیا عەشقبازی بکەم.»

بیلی گوتی: «حەتمەن نامەی زۆرت پێ دەگات. من خۆم زۆرجار بە تەمابووم نامەتان بۆ بنووسم.»

تراوت تاکە قامکێکی بەرز کردەوە و گوتی: «یەك دانە.»

«دەبێ نامەیەکی گەرم و گوڕ بوویێت؟»

«کابرا شێت ببوو. نووسیبووی من دەبێ ببم بە سەرۆك کۆماری دنیا.»

دوایی دەرکەوت کە نووسەری نامەکە ئێلیوت روزواتێر، هەمان هاورێی بیلی لە نەخۆشخانەی کۆنە سەربازەکانی شەڕ، لە نزیك زرێی پلاسیدە. بیلی باسی رۆزواتێری بۆ تراوت کرد.

تراوت گوتی: «برِوانە من! پێموابوو منداڵێکی چواردە ساڵانەیە.»

«نا، پیاوێکی بە تەمەنە. لە شەڕدا سەروان بووە.»

کیلگور تراوت گوتی: «دەقی نامەکە وەك نووسینی منداڵێکی چواردە ساڵان بوو.»

بیلی بۆ جەژنی هەژدەهەمین ساڵی زەماوەندەکەی، کە دوو رۆژ لەوە دوا بوو، تراوتی دەعوەت کرد. بەمشێوە ئیتر میوانییەکە تێر و تەواو دەبوو.

تراوت لە ژووری خواردنی ماڵی بیلی بوو، بە زاری پڕ لە پەنیری خامە داری فیلادلفیاو، تۆوی ماسی قزڵئالاوە لەگەڵ ژنی یەکێك لە بینایی پێوەکان دەدوا. جگە لە تراوت، هەموو میوانەکان بە شێوەیەك پەیوەندییان بە بینایی پێوییەوە بوو. لە ناو هەموویاندا تەنیا تراوت عەینەکی نەبوو. هەموویان لەوەی کە نووسەرێکی راستەقینە لە ناویاندا بوو، خۆشحاڵ بوون. ئەڵبەت ئەوەی کە کەس کتێبەکانی نەخوێندبووەوە هیچی لە بابەتەکە نەدەگۆڕی.

تراوت لەگەڵ ژنێك کە ناوی مەگی وایت بوو قسەی دەکرد. ئەم ژنە دان پزیشکی یاریدەدەر بوو، بەڵام بۆ ئیدارەکردنی ماڵی یەکێك لە بینایی پێوەکان وازی لە کارەکەی هێنابوو. ژنەکە زۆر جوان بوو، دواهەم کتێبێك کە خوێندبوویەوە **ئایوانهۆ** بوو.

بیلی پیل گریم لە نزیك ئەوانەوە راوەستابوو، گوێی لە قسەکانیان دەگرت. ئەو یاری بە شتێك دەکرد کە لەناو گیرفانیدا بوو. دیارییەك لە گیرفانیدا بوو کە دەبوو بیدات بە ژنەکەی. قوتوویەکی ساتێنی بچووك کە ئەنگوستیلەیەکی یاقوتی شین و ئەستێرەداری تایبەت بە میوانییەکەی تیابوو. ئەنگوستیلەکە بایی هەشت سەد دۆلار بوو.

ئەگەرچی تراوت بە شێوەیەکی گەوجانە ستایش دەکراو، ئەو شێوە ستایش کردنە نەخوێندەواری بێژەرەکانی ئاشکرا دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا وەک ماریجوانا تراوتی سەرخۆش و نەشە دەکرد. ئەو بە خۆشحاڵییەوە دەنگی هەڵبڕیبوو، زمانی وەگەڕ خستبوو.

مەگی گوتی: «دەترسم شتێکی **ئەوتۆم** نەخوێندبێتەوە.»

تراوت لە وەڵامدا گوتی: «هەر کەس لە شتێك دەترسێ. منیش لە سەرەتان و مشك و سەگی رەشی ئاڵمانی دەترسم.»

مەگی گوتی: «دەبوایە خۆم بمزانیبایە، بەڵام نازانم و ناچارم کە لێت بپرسم ناودارترین بەرهەمێك کە تا ئێستا نووسیوتە کامەیە؟»

«کتێبێکە لە بارەی کفن و دفنی سەر ئاشپەزێکی گەورەی فەڕانسەییەوەیە.»

«دەبێ کتێبێکی خۆش بێت.»

«هەموو سەرئاشپەزە گەورەکانی دنیا کۆبوونەتەوە. ئاهەنگێکی سەیرە!» تراوت هەروا بە دەم قسە کردنەوە چپرۆکێکی دادەهێنا. «بەر لەوەی دەرکەی تابووتەکە بزمارڕێژ بکرێت، تازیەبارەکان جەعفەری و بیبەری سوور بە سەر تەرمی رەحمەتییەکەدا دەڕێژن.» بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

مەگی وایت پرسی: «ئەم چپرۆکە **بە راست** رووبداوە؟»

تراوت گوتی: «بێگومان رووبداوە. من ئەگەر شتێك بنووسم کە درۆ بێت و بمەوێت بیفرۆشم، ڕێی تێدەچێ کە بمگرن و بمخەنە زیندانەوە. خەڵك ئەم کردە بە کڵاو لەسەر نان و فێڵ و تەڵەکە دەزانن.»

مەگی بڕوای بە قسەکەی کرد و گوتی: «ئەمەم نەدەزانی.»

«ئێستا بیزانە.»

«وەك راگەیاندن وایە. لە راگەیاندنیشدا دەبێ راستییەکان بنووسرێن و بفرۆشرێن، ئەگینا پیاو تووشی کێشە دەبێت.»

«بێگومان راستە. ئەو یاسایە ئەم بابەتەش دەگرێتەوە.»

«پێتوایە رۆژێك ئێمەش بخەیتە ناو کتێبەکانتەوە؟»

«من هەموو رووداوەکانی ژیانم دەخەمە ناو کتێبەکانمەوە.»

«کەواتە دەبێ ئاگام لە قسەکانم بێت.»

«راستە. تازە من تاکە کەسێك نیم کە قسەکانتان دەبیستم. خوداش دەیانبیستێ و لە رۆژی جەزادا هەموو قسەو کردەیەکتان دەهێنێتەوە بەر چاوتان. ئەگەر بە رێکەوت لەبری کاری باش کاری خراپتان کردبێت، بۆ هەتا هەتایە لە ئاگردا دەتانسووتێنێ. سووتانێکی بێبڕانەوە.»

مەگی کڵۆڵ رەنگی زەرد بوو. بڕوای بەم قسەشی کرد و لە جێی خۆی وشك بوو.

کیگور تراوات قاقا پێکەنی. هێلکەیەکی ماسی قزل ئالا لە زاری هاتە دەر و کەوتە سەر کراسەکەی مەگی.

لەم کاتەدا بینایی پێویێك داوای بێدەنگ بوون و سەرنجدانی لە هەمووان کرد. پێشنیاری کرد بە خۆشی بیلی و ڤالێنسیا کە سالۆڕۆژی زەماوەندیان بوو، بچۆنەوە. بە پێی پڕۆگرامەکە دەستەی کۆرسی چوار کەسەی بینایی پێوەکان، واتە هەمان دەستەی فێبەکان، دەستیان بە خوێندن کرد. لە هەمان کاتیشدا ئامادەبوان دەیانخواردەوە و بیلی و ڤالێنسیاش دەستیان لە دەوری باڵای یەکتر ئاڵاندبوو، دەدرەوشانەوە. چاوی هەموو میوانەکان دەبریسکایەوە. دەستەی کۆرس **جەماعەتەکەی جارانی منیان** دەخوێند.

گۆرانییەکە بەمشێوە بوو: **وای... دنیا دەدەم تا جەماعەتەکەی جارانم ببینمەوە** و ئەم جۆرە بابەتانە. گۆرانییەکە بەمشێوە درێژەی پێدەدرا: **مااڵاوا برادەران و هاوکارانی تافی لاویم، مااڵاوا هاوڕێیان و دۆستانی تافی لاویم، خوا بۆخۆی ئاگای لێتان بێ** و ئەم جۆرە قسانە.

لەپڕ بیلی پیل گریم بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەو ئاهەن و گۆرانییەقەڵس بـوو. ئـەو هەرگیز نە جەماعەتی بووبوو نە دڵدار و دۆستێك. دەستەی کۆرسـەکە یـاری بـە گۆرانییەکـە دەکرد و لەحنێکی هێواش و خەمباری دەدایە. ــ لەحنێك کە بە ئەنقەست تاڵ بوو ــ زۆر تاڵ. ئەوەندە تاڵ کە ئیتر تەحەمول نەدەکراو، دواتریش ئەوەندە شیرین کە بوغز بەری قوڕگی دەگرت و بە لەحنێکی دیسان تاڵتر پەرەی دەسەند. لەو کاتەدا بیلی ئـاواتی دەخواسـت بریـا ئـەویش جەماعەت و دڵداری تافی لاوی خۆی ببوایە. بە گۆڕانی لەحنی گۆرانییەکە، هەڵوێستە دەروون لەشییەکانی بیلیش، بە توندی گۆڕانیان بەسەر دەهات. ناو دەمی پڕ ببوو لە تامی لیمۆنـادو، رووەتی شێوەیەکی سەیر و سەمەرەی وەرگرتبوو. دەتگوت بە راست لەسـەر شیـشی تیـژی مەکینەی ئەشکەنجە رایانکێشاوە.

حاڵی بیلی ئەوەنـدە نائاسـایی بـوو کـە پـاش بڕانـەوەی گۆرانییەکـە چـەند کـەس بـە نیگەرانییەوە باسیان کرد. ئەوان پێیانوابوو رەنگە دڵی راوەستابێت. کاتێك بیلی خۆی گەیاندە کورسییەك و بە ناڕەحەتییەوە لەسەری دانیشت، بۆچوونەکەی ئەوان لە راست گەڕا.

هەموویان بیدەنگ بوون.

ڤالێنسیا بەسەر بیلیدا نەوییەوە و گوتی: «ئەی خوایـە گیـان. بیلـی، ئـەوە بـۆ ئـاوات لێهات؟»

«نازانم.»

«حاڵت زۆر خراپە؟»

«لە راستیدا حاڵم باشە.» ئەڵبەت حاڵی باش بوو، بەڵام نەیدەتوانی کاریگـەری سـەیر و سەمەرەی ئەو گۆرانییەیان بۆ شی بکاتەوە. سااڵەها بوو کە پێیوابوو هـەموو وجـوودی خـۆی دەناسێت و هیچ شتێکی لە خۆی نەشاردۆتەوە. بەڵام ئەو گۆڕانە دەریدەخست کە لە شوێنێکی وجوودیدا، بێتەوەی خۆی ئاگادار بێت، رازێکی گەورە شاردراوەتەوە.

میوانەکان کاتێك بینیان رەنگ بۆ روخساری گەڕاوەتـەوە و خەریکـە زەردەخەنـەیان بـۆ دەکات، وردە وردە لێی دوور کەوتنەوە. ڤالێنسیا لـە لای مایـەوە و، کیلگـور تـراوتیش کـە کەمێك دوور لە خەڵکەکە راوەستابوو، بە حەزێکی شەیتانانەوە لێی نزیك بووەوە.

ڤالێنسیا گوتی: «لەوە دەچوو ئیزرایبلت دیبێ.»

بیلی گوتی: «نا.»

بیلی بێجگە لە کەسانی بەرچاوی هیچیتری نەدیبوو. ئەو هەر رووەتی ئەو چوار کەسـە گۆرانیبێژەی کۆرسەکەی دیبوو، چوار کەسی ئاسایی، ترساو، بێخەیاڵ و دڵتەنگ کـە لـەحنی گۆرانییەکەیان بەردەوام دەگۆڕا. سەرەتا خۆش و پاشان تاڵ و دیسان خۆش دەبوو.

کیلگور تراوت گوتی: «ڕێگەم پێ دەدەی مەزننەیەك بکەم؟ تۆ لـە پەنجـەرەی زەمەنـەوە دەتڕوانی.»

ڤالێنسیا گوتی: «لە چییەوە؟»

«ئەو لەپڕ چاوی بە رابوردوو یان داهاتوو کەوت. وانییە؟»

بیلی پیل گریم گوتی: «نا.»

بیلی هەستا، دەستی خستە ناو گیرفانی و ئەو قوتووەی دۆزییەوە کـە ئەنگوسـتیلەکەی تیابوو. قوتووەکەی دەرهێنا و بە بێخەیاڵییەوە دای بە ڤالێنسیا. بڕیاری دابوو بـەر لـە تـەواو بوونی گۆرانییەکەو، لە بەر چاوی هەمووانداو ئەو ئەنگوسـتیلەی بـداتێ، بـەڵام ئێـستا تـەنیا کیلگور تراوت ئاگای لەم دیمەنە بوو.

ڤالێنسیا گوتی: «ئەمە بۆ منە؟»

«بەڵێ.»

ڤالێنسیا گوتی: «وەی خوایە گیان!» ئەوسا هەر ئەم قسەی بە دەنگێکی بەرزتر دووبـارە کردەوەو، هەموویان بیستیان. هەموو لە دەوریان کۆبوونـەوە. ئـەویش دەرکـەی قوتووەکـەی

كردەوەو، بە بينينى ئەو ياقووتە شينە كە ئەستێرەى بە سەرەوە بوو، خەريك بـوو بقيـژێنێت. گوتى: «وەى خوايە گيان.» ئەوسا تێر رووەتى بيلى ماچ كرد و گوتى: «سپاس. سپاس.»

هەموويان باسى ئەو زێڕ و ئاڵتوونە زۆر جوانانەيان كرد كە سالّەهاى سالّ بيلى پێشكەش بە ڤالێنسياى كردبوو. مەگى وايت گوتى: «خوايە گيان، ئەو خاوەنى گەورەترين ئاڵماسێكە كە بە راست بينيبێتم. ئەم جۆرە ئاڵماسانە تەنيا لە فيلمە سينەماييەكاندا هەيە.» مـەگى باسـى ئەو ئاڵماسەى دەكرد كە بيلى لە شەڕ هێنابوويەوە.

بيلى ئەو كوتە دانە دەسكردە كە بە رێكەوت لە ناو پـاڵتۆى سەردەسـتەى قەشمەڕەكانـدا دۆزيبوويەوە، خستبوويە ناو قوتووى قۆپچەى سەردەستەكانى و، لە چەكمەجەى مێـزى ژووری خەوتنەكەيان داينابوو. بيلى كەلەكسيۆنێكى گەورە و سەيرى قۆپچەى سەردەستى بوو. بە پێى دابێكى بنەماڵەيى، هەموو سالێك لە رۆژى باوكدا قۆپچەى سەردەستيان پێـشكەش دەكـرد. ئێستاش قۆپچە سەردەستەكانى رۆژى بـاوكى لێـدابوو. قۆپـچە سەردەسـتەكانى سـەد دۆلار زياتريان دەهێنا. ئەو قۆپچانە لە دراوى رۆمى كەونارا ساز كرابوون. لە نهۆمى سەروو جووتێك قۆپچەى سەردەستى بوو، كە بە چەرخى رۆليّت ساز كرابـوون و كاريـشيان دەكـرد. جووتێـك قۆپچەى سەردەستى تريشى بوو كە لايەكيان گەرماپێو و، لاكەى تريان قيبلەنوێنى راستەقينە بوو.

ئێستا بيلى بە رواڵەتێكى ئارامەوە بە ناو ميوانەكاندا دەگەڕا. كيلگور تراوت وەك سێبەر بە دوايەوە بوو، بە كونجكۆڵييەوە دەيويست بزانێت چى دێوە يان چى بـە خەيالّيـدا تێپـەڕيوە. زۆربەى رۆمانەكانى تراوت باسى شتى وەك پێشاوبڕ دانەوەى زەمەن، يان تێگەيشتنى ئەوپـەڕ هەستى و، هەندێك شتى چاوەڕوان نەكراوى تريان دەكرد. تراوت بڕوای بەم جۆرە شـتانە بـوو، بەو پەڕی پێداگرييەوە دەيويست بوونيان بسەلمێنێت.

تراوت لە بیلی پرسی: «هەرگیز ئاوێنەیەکی گەورەت لەسەر عەرز دانـاوەو، پاشـان سەگێکت ناچار کردووە لە سەری راوەستێت؟»

«نا.»

«سەگ سەیری ئاوێنەکە دەکا و لەپڕ تێدەگات کە ژێر پێی چـۆڵە. پێیـوادەبێ لـە سـەر بۆشی راوەستاوە، ئەوسا **دە گەز** هەڵدەبەزێتەوە.»

«بە راستتە؟»

«لەو کاتەدا تۆ لەو سەگە دەچوویت. دەتگوت لەپڕ لەوە گەیشتووی کە لـەسـەر بۆشـی راوەستاوی.»

دەستە چوار کەسییەکە، دیسان دەستیان بە گۆرانی خوێندن کردەوە. هەسـتەوەری بیلـی سەرلەنوێ لە ژێر ئەشکەنجەدا لەربیەوە. ئەوەی وای لە بیلی دەکرد پەیوەندی بەم چوار کەسەوە بوو نەك بەو گۆرانییەوە کە دەیانخوێند.

کاتێك بیلی لە ناوەوە لێك هەڵدەوەشا، ئەوان ئەم گۆرانییەیان دەخوێند:

لۆکە بە یانزە سنتە — بەڵام گۆشت بە چل سنتە
خەڵکی هەژار لەوێوە — چۆن ژیان بەرن بەرێوە
دۆعا بکە هەتاو هەڵێ — نەکا باران ببارێ
لەم ساڵە نەهاتەدا — عەقڵیشمان چووە بە با
باری جوانم تێك ناوە — زەرد و سوورم تێناوە
هەور لەپڕ گرماندی — هەرچیم هەبوو سووتاندی
بۆلە بۆلی پێناوێ — کەوتووینە حاڵی جاوێ
لۆکە بە یانزە سنتە — بەڵام گۆشت بە چل سنتە

لۆکه به یانزه سنته　　قورس باج و خەراجه
پشتمان چەماوەتەوه　　له ژێر باری ئەم باجه

هەروەها هەندێك شتی تری لەم جۆرە بابەته.

بیلی بەرەو نهۆمی سەرووی ماڵە سپی و جوانەکەی هەڵات.

ئەگەر بیلی بە تراوتی نەگوتایە شوێنی نەکەوێ، حەتمەن شوێنی دەکەوت. ئەوسا بیلی چوو بۆ حەمامی تاریکی نهۆمەکە، دەرکەکەی پێوەدا و پاشان قوفڵی کرد. گلۆپەکەی هەڵنەکرد. لە ناو تاریکییەکەدا مایەوەو، وردە وردە هەستی کرد کە بە تەنیا نییە. کوڕەکەی لە حەمام بوو.

کوڕەکەی بیلی لە ناو تاریکییەکەدا گوتی: «تۆی بابە؟» رابێرت، کڵاو سەوزەکەی داهاتوو، لەو دەمەدا حەفدە ساڵان بوو. بیلی کوڕەکەی خۆش دەویست، بەڵام باش نەیدەناسی. بیلی دەستبەجێ بیری کردەوە رابێرت شتێکی ئەوتۆی بۆ شاردنەوە لە بیلی نییە. ئەوسا گلۆپەکەی هەڵکرد. رابێرت لە کاتێکدا قۆپچەی دەرپێکەی کەوتبووە سەر مەچەکی پێی، لەسەر کاسەی مەبالەکە دانیشتبوو، تاسەی گیتارە کارەباییەکەی لە ملی ئاڵاندبوو. ئەو هەر ئەو رۆژە گیتارەکەی کڕیبوو، هێشتا نەیدەزانی بیژەنێت و ئەڵبەت هەرگیز فێریش نەبوو. رەنگی گیتارەکە سەدەفی بوو.

بیلی پیل گریم گوتی: «سەڵام کوڕم.»

ئەگەرچی میوانەکان هێشتا لە نهۆمی خوارەوە بوون و بیلی دەبوو میوانداریان بکات، بەڵام چوو بۆ ژووری خەوتنەکەی. لەسەر قەرەوێڵەکەی راکشا و **ئەنگوستە جادوویەکەی** بەکار هێنا. دۆشەکەکە دەستی بە لەرزین کردو، لە بن قەرەوێڵەکە سەگێکی دەرپەڕاند. ئیسپات بوو. ئەو دەمانە ئیسپاتی پیری نازدار هێشتا زیندوو بوو. ئیسپات دیسان لە سووچێکی ژوورەکە خەوی لێکەوتەوە.

بیلی زۆر بە قوولّی بیری لەو کاریگەرییە کردەوە کە دەستەی چوار کەسی گۆرانیبێژەکان لەسەریان دانابوو. پاشان پەیوەندی نێوان ئەم دەستە و ئەزموونەکانی خۆی لە سالّانی پێشوودا دۆزییەوە. بۆ دۆزینەوەی ئەو ئەزموونە لە زەمەندا سەفەری نەکرد. بیلی بەمشێوە بیری وێنەی لەرزۆکی ئەو ئەزموونە کەوتەوە:

ئەو شەوە کە درێسدێن تیاچوو، بیلی لە مەخزەنی گۆشتەکە بوو. بە ژوور سەریانەوە، دەنگێکی بەرز وەك دەنگی شەقاوی غوولەکان، دەهات. دەنگی تەقینەوەی بۆمبە بەهێزەکان بوو. غوولەکان یەکبین شەقاویان هەلّدێناوە. مەخزەنی گۆشتەکە، پەناگەیەکی ئەمین بوو. لەو خواریيە هیچ رووی نەدەدا، جگە لەوەی کە جاروبار سپیکاری بن میچەکە وەك باران دەڕژایە خوار. بێجگە لە ئەمریکاییەکان و چوار نیگابانەکە و چەند لاکە گۆشتی خاوێن، کەسیتر لەو خواریيە نەبوو. بەر لەوەی هێرشە ئاسمانییەکە دەست پێ بکات، باقی نیگابانەکان پەنایان بۆ باوەشی پڕ لە ئاسوودەیی بنەمالّەکانیان لە درێسدێن بردبووەوە. ئەو شەوە، هەموویان لەگەلّ بنەمالّەکانیان دەکوژران.

بەلّێ، کاری دنیا ئاوایە.

لە بەشێکی تری شوێنی راگرتنی ئاژەلّەکان، ئەو کچانە کە بیلی بە رووتی دیبوونی، لە پەناگەیەکی نەك زۆر قوولّدا بوون و هەموویان دەستبەجێ دەکوژران.

بەلّێ، کاری دنیا ئاوایە.

یەکێك لە نیگابانەکان بەردەوام دەچووە سەر پلیکانەکان و دەیویست بزانێ لە دەرەوە چی رووەدا، پاشان دەگەڕایەوە و شتێکی بە گوێی نیگابانەکانی تردا دەچرپاند. دەرەوە تۆفانی ئاگر بوو. درێسدێن ببووە بلّێسەیەکی مەزن و، ئەم بلّێسە مەزنەش هەموو شتێکی قووت دەدا. هەر شتێك کە بسووتایە.

ئەوان نەدەبوو تا نیوەڕۆی رۆژی دوایی لە پەناگاکە بێنەدەر. کاتێک ئەمریکاییەکان و نیگابانەکانیان هاتنە دەر، دووکەڵ یەکپارچە ئاسمانی ڕەش کردبوو، خۆریش سەرە دەرزییەکی تووڕە بوو. ئێستا ئیتر درێسدێن وەک مانگی لێهاتبوو. بێجگە لە مادە کانییەکان هیچیتر نەبوو. بەردەکان گەرم بوون و هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە مردبوون.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

نیگابانەکان بە پێی غەریزە پێکەوە نووسابوون. چاویان لە قاپوورەکانیاندا دەسووڕا. سەرەتا دەستیان دەکرد بە شێوە دەربڕینێکی نمایشی و، پاشان شێوە دەربڕینەکەیان دەگۆڕی. ئەگەرچی زاریان کرابۆوە، بەڵام هیچیان نەدەگوت. لە فیلمی بێدەنگی دەستەی چوار کەسی گۆرانیبێژەکان دەچوون.

ڕەنگە دەیانگوت: «مالّاوا برادەران، مالّاوا هاوکاران و هاوڕێیانی تافی لاویم، مالّاوا دڵداران و دۆستانی تافی لاویم. خوا بۆخۆی ئاگای لێتان بێت.»

ڕۆژێک مونتانا وایت هاگ، لە باخچەی ئاژەڵانی ترالفامادۆر، بە بیلی پیل گریمی گوت: «حەقایەتم بۆ بڵێ.» ئەوان لە پاڵ یەکتر لەسەر قەرەوێلەکە ڕاکشابوون. شوێنەکەیان تەریک بوو، کەس سەیری نەدەکردن. خێوەتیان بەسەر گومبەزییەکەدا کێشابوو. ئێستا مونتانا شەش مانگ بوو کە دووگیان بوو. زل و لاسار، لە گوڵی سوور دەچوو. جاروبار بە داوا کردنی هەندێک شتی سادە و ئاسایی خۆی شیرین دەکرد. ئەو مژدی دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی بۆ کڕینی بەستەنی یان شاتوو بیلی بنێرێتە دەر. چونکا هەوای دەرەوەی کومبەزییەکە گازی سیانوور بوو، نزیکترین بەستنی و شاتوو فرۆشیش ملوێنەها ساڵی نووری لە ئەوانەوە دوور بوو.

ئەڵبەت دەیتوانی داوای لێبکات، لە ناو ئەو سەلاجە کە بە ڕەسمی بێحاڵەتی ژن و پیاوێکی بایسکێل سوار رازابووەوە، شتێکی بۆ دەربێنێت. یان وەک ئێستا فشە و فشەڵۆکی بۆ بکات و پێی بڵێت «بیلی گیان حەقایەتم بۆ بڵێ.»

بیلی پیل گریم دەستی بە گێڕانەوە کرد: «دریسدێن لە شەوی سیانزەی مانگی فێوریەی ساڵی ١٩٤٥تیا چوو. ئێمە رۆژی دوایی لە پەناگەکەمان هاتینە دەر.» ئەوسا باسی ئەو چوار نیگابانەی بۆ مونتانا کرد کە وەک دەستەیەکی کۆرسی چوار کەسە بوون. باسی ئەو ئاژەڵدارییانەی بۆ مونتانا کرد کە لەگەڵ هەموو نەردە و بان و پەنجەرەکانیان تیاچووبوون. باسی ئەو دارە بچووکانەی بۆ کرد کە بەملاولادا بڵاو ببوونەوە. دارە بچووکەکان ئەو مرۆڤانە بوون کە لە تۆفانی ئاگرەکەدا گیریان خواردبوو. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

بیلی بۆی گێڕایەوە: ئەو بینایانە کە وەک گابەردی گەورە دەوری ئاغەڵەکانیان دابوو، چیان بەسەر هات. هەموویان کاول ببوون. دار و پەردوویان تیاچووبوو. بەردەکانیان رمابوو، لە سەر یەک کەڵەکە ببوون، لە ئەنجامدا تێک ئاڵابوون و مەنجەنیقێکی شکۆمەندیان لێ ساز بووبوو.

بیلی پیل گریم گوتی: «وەک گۆی مانگی لێهاتبوو.»

نیگابانەکان داوایان لە ئەمریکاییەکان کرد کە بن بە چوار ریز و، ئەوانیش بە قسەیان کردن. پاشان بۆ ئەو تەویلە بەرازانەیان گەڕاندنەوە کە شوێنی نیشتەجێ بوونیان بوو. دیوارەکانی هێشتا بە پێوە بوو، بەڵام بان و پەنجەرەکانی تیا چووبوو. لەو تەویلە بەرازەشدا جگە لە خۆڵەمێش و پارچە شووشەی تواوە هیچیتر نەدەبیندرا. هەموویان دەیانزانی ئاو و خواردنی لێ نییەو، ئەوانەی کە زیندوو مابوونەوە، ئەگەر بیانویستایە هەروا زیندوو بمێننەوە، دەبوو یەکە یەکە بە سەر هێڵی خواری تەپۆلکەکانی سەر مانگدا تێبپەڕن.

ئەوەشیان کرد.

هێڵی خواری تەپۆلکەکان، تەنیا لە دوورەوە ساف دەهاتنە بەرچاو. ئەوانەی پیایاندا هەڵدەگەڕان دەیانزانی کە ئەم هێڵە خوارانە، تەباری ناڕێک و متمانە پێنەکراوی گەرم و ناسەقامگیرنو، ئەگەر چەند بەردێ‌ی سەرەکییان بجوولێت، بە ئاسانی هەرەس دێنن و هێڵی خواری نزمتر و سەقامگیرتریان لێ ساز دەبێت.

کاتێك دەستەکە بەسەر مانگدا تێدەپەڕی، کەس دەنگی لێوە نەدەهات. کەس وشەیەکی شیاوی بۆ نەدەدۆزرایەوە. تاکە شتی ئاشکرا ئەوە بوو کە : هەموو دانیشتوانی شارەکە، بێئەوەی رەگەزیان گرینگ بێت، دەبوو بە رەهایی بمردنایە و، جوولّە و بزووەی هەر بوونەوەرێك نیشانەی خەساڕێکی پلانەکە بوو. هیچ کەس لە مانگدا ناژی.

فڕۆکە شەڕکەرە ئەمریکاییەکان لە ناو دووکەڵدا دەرکەوتن. دەیانوویست بزانن هێشتا بوونەوەرێك ماوە یان نا. بیلی و ئەوانیتریان لە کاتی جوولّاندا بینی و، بە چەکە ئوتوماتیکییەکانیان دەسڕێژیان لێکردن. بەڵام گوولەکانیان تێکڕا بە هەڵە چوون. پاشان تاقمێکی تریان لە لای چۆمەکە بینی و دەسڕێژیان لە ئەوانیش کرد و چەند کەسێکیشیان لێ پێکان. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

مەبەستی ئەم عەمەلیاتە، پەلە کردن لە کۆتایی هێنان بە شەڕەکە بوو.

حەقایەتەکەی بیلی، لە ناوچەیەکی نزیك شار کە لە ئاگر و تەقینەوە بە سەلامەت دەرچووبوو، بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە کۆتایی پێهات. سەرەتای شەو، نیگابان و ئەمریکاییەکان گەیشتنە میوانخانەیەك کە هێشتا کرابووەوە. مۆزم ئایسابوو. لە نهۆمی خواروو، لە سێ ئاگرباجی دیواریداە ئاگر کرابووەوە. میز و کورسییە بەتاڵەکان چاوەڕوانی خەڵکی داهاتوو بوون و، لە نهۆمی سەرووش قەرەوێلەی بەتاڵ کە چەرچەفەکانیان لادرابوو، داندرابوون.

دانیشتوانی میوانخانەکە بریتی بوون لە خاوەنی کوێر و هاوسەرە چاوساغەکەی، کە چێشت لێنەری میوانخانەکە بوو. دوو کچەکەشیان خزمەتکار و پێشخزمەت بوون. ئەوان دەیانزانی دریسدێن تیاچووە. ئەوانەی کە چاویان ساغ بوو دریسدێنیان دیبوو کە بەردەوام دەسووتێ و، دەیانزانی ئێستا لە قەراغ بیابانێك دەژین. ئەوان، بەوحاڵەش دەرکەی میوانخانەکەیان بۆ موسافیر کردبووەوە. پەرداخەکانیان خاوێن کردبوو، سەعاتەکانیان قورمیش

کردبوو، زۆپا و ئاگرباجەکانیان ئایساندبوو و ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان مابوون تا بزانن کەسێك دێت یان نا.

لافاوی هەڵاتووەکان لە درێسدێن نەهاتە دەر. سەعاتەکان بەردەوام تك تکیان دەکرد، ئاگر پڕیشکی دەدا و مۆمە شەفافەکان دەتکان. پاشان دەرکە کوترا و چوار نیگابان و سەد دیلی ئەمریکایی خۆیان بە ژووردا کرد.

خاوەنی میوانخانەکە لە نیگابانەکانی پرسی کە ئایا لە شارەوە هاتوون؟

«بەڵێ.»

«کەسی تریش بەڕێوەیە؟»

نیگابانەکان لە وەڵامدا گوتیان لەو ڕێگە سەختەوە کە ئەوانی پیا هاتوون، جگە لە خۆیان، تەنانەت بوونەوەرێکیشیان بە زیندوویی نەبینیوە.

خاوەنی کوێری میوانخانەکە گوتی ئەمریکاییەکان دەتوانن شەو لە تەویلە بێننەوە. سووپ و قاوەی دەسکرد و کەمێك بیرەشی پێدان. ئەوسا هات بۆ تەویلە و گوێی لە دەنگی خەوتنیان لە سەر کاکە گرت.

بە زمانی ئاڵمانی گوتی: «شەوباش ئەمریکاییەکان. خەوێکی خۆش.»

نۆ

چیرۆکی مردنی ڤالێنسیای ژنی بیلی پیل گریم بەمشێوەیە.

بیلی لە پاش رووداوی بەربوونەوەی فڕۆکەکە لە کێوی شوگربوش، بە بێهۆشی لە نەخۆشخانەیەکی ڤێرمونت کەوتبوو. ڤالێنسیاش دوای ئەوەی ئاگادار کرایەوە، سوار کادیلاکە بنەماڵەییەکەیان بوو، کە مودێلی ئێل دووراددووی کوپەیی بوو، لە ئیلیومەوە بەرەو نەخۆشخانەکە ڕێ کەوت. ڤالێنسیا لەبەر ئەوەی کە ڕاست و ڕەوان پێان گوتبوو بیلی بەگیانەڵاوەیە و ئەگەر بشمێنێت ڕەنگە ژیانێکی ڕووەکی ببێت، هیستری بوو.

ڤالێنسیا بیلی دەپەرست. ئەو بەدەم لێخوڕینەوە قووڕە قووڕە دەگریا. لە ناو جادە، لە چوار ڕێیانێك تێپەڕی کە نەدەبوو لێی ڕەت ببێت. بۆیە لە ناکاو ڕاوەستا و ئوتومبێلێکی میرسدێس کە بە دوایدا دەهات، لێیدا. شوکور بۆ خوا کە هەر دوو شۆفێرەکە خۆیان بەستبووەوە و کەس

تووشی سەدەمە نەبوو. شوکور بۆ خوا. شوکور بۆ خـوا. ئوتومبێلـە میرسدێـسەکە چـرایەکی پێشەوەی شکا. بەڵام پاشی کادیلاکەکە وای لێهات کـە هـەموو تەنەکەچـییەکی ماشـین بـە بینینی کەیفی دەبزووت. سندووقی پاشەوە و چەمەلغەکەی تێـک قوپـابوو. سـندووقەکە زاری داچەقابوو. رێك وەك زاری کەسێکی گەوج کە لە کاتی وەڵامدانەوە بە پرسیارێك دادەچەقێ و، وڕ و کاس سەیری پیاو دەکات. چەمەلغەکانیش شانیان بەرز کردبـووەوە. سـوپەرەکەش، کـە دروشمێکی لەسەر نووسرابوو، وەك تفەنگی سەرباز لە کاتی ڕێژەدا بەرز راگیرابـوو. دروشمەکـە ئەمە بوو: « ڕێگان، سەرۆك کۆماری داهاتووە. » شووشەی پاشەوەشی درزی بردبوو. دووکەڵ کێشەکەشی کەوتبووە سەر عەرز.

شۆفێری میرسدێسەکە بۆ ئەوەی بزانێ ڤالێنسیا چی بەسەر هـاتووە، لـە ئوتومبێلەکـەی دابەزی و بەرەو پیری چوو. ڤالێنسیا بەو حاڵە هیستریکەیەوە هەندێك شتی هەلەق و مەلـەقی لە بارەی بیلی و کەوتنە خواری فڕۆکەکـە گـوت. ئەوسـا ئوتومبێلەکـەی لێخـوڕی. دووکـەڵ کێشەکەی لەوێ بەجێهێشت و بە ناوەڕاستی جادەکەدا تێپەڕی.

کاتێك ڤالێنسیا گەیشتە نەخۆشخانە، خەڵك بۆ ئـەوەی لـە هـۆی دەنگـە دەنگـی نـاو نەخۆشخانەکە تێبگەن، بەرەو پەنجەرەکان هێرشیان برد.

کادیلاکە بێ دووکەڵ کێشەکە، وەك فڕۆکەیەکی بۆمبهاوێژ کە تەنیا بە باڵێك و دۆعایەك بفڕێت، دەیگرماند. ڤالێنسیا ماتۆڕی ئوتومبێلەکەی کووژاندەوە، بەڵام دەست بـەجێ بەسـەر سوکانەکەیدا کەوت و سیگنالێ بەردەوامی ئوتومبێلەکە بەرز بووەوە. پەرستارێك و پزیشکێك بـۆ ئـەوەی بـزانن چـی ڕویـداوە، دەرپەڕینـە دەر. ڤالێنـسیای کلـۆڵ بووردبـووەوە. گـازی مۆنۆئۆکسیدی کەربۆن کاسی کردبوو، ڕەنگی ڕوومەتی وەك ئاسمانی شینی لێهاتبوو.

ڤالێنسیا سەعاتێك لەوە دوا مرد. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

بیلی ئاگای لەم رووداوە نەبوو. ئەو بەردەوام خەونی دەبینی و لە زەمەندا سەفەری دەکرد و هەندێك شتی لەم بابەتە. نەخۆشخانە ئەوەندە قەرەباڵغ بـوو کـە بیلییـان لـە ژووری تایبەتـدا نەخەواندبوو. ئەو لە ژوورێکدا بوو کە بێرترام کۆپلەند رامفۆرد، مامۆستای مێـژووی زانکـۆی هاروارديشی لێبوو. رامفۆرد بیلی نەدەبینی. بە چوار دەوری بیلیدا پەردەی کەتانییان کێشابوو کە لەسەر چەرخی لاسیقی بوو. بەڵام رامفۆرد جاروبار دەنگی بیلی دەبیست کە لەگـەڵ خـۆی دەدوا.

سەنگ و کێشیان بە قاچی چەپی رامفۆردەوە هەڵواسیبوو. قاچی رامفۆرد لە خلیسکێندا شکابوو. ئەو حەفتا ساڵی تەمەن بوو، بەڵام وەزعی لەش و گیانی وەك گەنجێکی سی و پێـنج ساڵە بوو. ئەو رۆژە کە قاچی شکابوو لەگەڵ ژنی پێنجەمی لە مانگی هـەنگوین بـوو. نـاوی ژنەکەی لیلی بوو . لیلی بیست و سێ ساڵان بوو.

رێك ئەو کاتە کە مەرگی ڤالێنسیای کلۆڵیان راگەیاند، لیلی بە باوەشێك کتێبەوە خـۆی بە ژووری رامفۆرد و بیلیدا کرد. رامفۆرد بۆ هێنانی ئەو کتێبانە لیلی ناردبووە بۆستۆن. ئـەو خەریك بوو خۆی بۆ نووسینی مێژووی لەشکری ئاسمانی سوپای ویلایەتـە یـەکگرتووەکان لـە شەڕی دووهەمی جیهانی ئامـادەدەکـرد و کتـێبی دەخوێنـدەوە. کتێبـەکان لـە بـارەی ئـەو بۆردوومان و شەڕە ئاسمانییانەوە بوون کە بەر لەوەی لیلی لە دایك ببێت، رووياندابوو.

کاتێك لیلی جوانکیلە و بچکۆلانە خۆی بە ژوورەکـەدا کـرد، بیلـی وڕینـەی دەکـرد و دەیگوت: «کوڕینە واز لە من بێنن و برۆن.» رامفۆرد کاتێك لیلی لە سـەر تەختـەی شـانۆی کاباڕە و دیسکۆکان دیبوو، بڕیاری دابوو ببێتە خاوەنی. لیلی پێشتر وازی لە خوێندن هێنابوو. دەرەجەی هۆشی ١٠٣ بوو. ئەو بە هێواشی بە گوێی مێردەکەیدا چرپاندی: «مـن لـەم پیـاوە دەترسم.» مەبەستی بیلی بوو.

رامفۆرد بە دەنگێکی نێرانە وەڵامی دایەوە: «تەواو وەرسی کردووم. تاقە کارێك کە دەیکات ئەوەیە لە خەودا واز لە کارێك بێنێ، داوای لێبوردن بکا و خۆی تەسلیم بکات، هەروەها داوا لە کەسێك بکات کە وازی لێ بێنێ و بڕوات.» رامفۆرد سەرتیپی تەقاعودی دەستەی زەخیرەی هێزی ئاسمانی، مێژوو نووسی ڕەسمی ئەو هێزە، مامۆستای زانکۆ، نووسەری بیست و شەش کتێب، ئەوپەڕی ملوێنەر لە ساتی لە دایك بوونییەوەو، رکەبەری سەرسەخت و هەمیشەیی کێبەرکێکانی لۆتکە لێخوڕین بوو. بەناوبانگترین کتێبی رامفۆرد کتێبێك بوو لە بارەی سێکس و وەرزشی قورس بۆ پیاوانی ژوور شەست و پێنج ساڵ. ئەو لەو کاتەدا رستەیەکی تیۆدۆر رۆزڤێلتی دەگوتەوە کە بە ڕێکەوت زۆر لە خۆی دەچوو:

«من دەتوانم لە تاقە مۆزێك، مرۆڤێکی حسێبی بتاشم.»

یەکێك لەو شتانە کە رامفۆرد بە لیلی گوتبوو لە بۆستۆن بۆی بکڕێت، نوسخەیەك لە بەیاننامەکەی پرێزیدێنت هاری ئێس ترومەن بوو، کە بەکار هێنانی بۆمبی ئەتۆمی بە خەڵکی جیهان رادەگەیاند. لیلی نوسخەی کۆپی کراوی ئەو بەیاننامەی هێنابوو. رامفۆرد لێی پرسی، ئایا بۆخۆی خوێندوویەتییەوە یان نا؟

«نا.»

لیلی زۆر چاك شتی بۆ نەدەخوێندرایەوەو، لەبەر ئەوش وازی لە خوێندن هێنابوو.

رامفۆرد ئەمری پێکرد کە دانیشێ و بەیاننامەکەی ترومەنی بۆ بخوێنێتەوە. ئەو نەیدەزانی خوێندەواریەکەی لیلی زۆر تەواو نییە. رامفۆرد جگە لەوەی کە بە هۆی لیلییەوە دەیتوانی لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا مەزنەپیاو بوونی خۆی بنوێنێت، زۆر شتی لە بارەیەوە نەدەزانی.

بۆیە لیلی دانیشت و دەستی بە خوێندنەوەی قۆربیاتەکەی ترۆمەن کرد. بابەتی بەیاننامەکە بەمشێوە بوو:

شانزه سەعات لەمەبەر، فڕۆکەیەکی ئەمریکایی بۆمبێکی بە سەر شاری هیرۆشیمادا هەڵڕشت، کە یەکێك لە پێگە گرینگەکانی سوپای ژاپۆنە. وزەی ئەو بۆمبە لە بیست هەزار تەن تی ان تی زیاتر بوو. وزەی تەقینەوەکەشی دوو هەزار ئەوەندەی بۆمبی ئینگلیسی گراند سلەم[1] بوو، کە گەورەترین بۆمبێکە لە مێژووی شەڕە جیهانییەکاندا بە کار هێندرابێت.

ژاپۆنییەکان لە پرێل هاربێرەوە دەستیان بە شەڕ کردووە. ئەوان چەند بەرامبەر سزایان بینیوە و هێشتاش کۆتایی بەو سزابینینە نەهاتووە. ئێمە بەم بۆمبە توانیومانە وزەیەکی نوێی کاولکار و شۆڕشگێڕانە بە وزەی پەرە سەندووی سوپاکەمان زیاد بکەین. ئێمە خەریکین ئەم جۆرە بۆمبانە دەهێنینە بەرهەم و، تەنانەت دەستمان بە بەرهەم هێنانی بۆمبی تازەتر و بە هێزتریش کردووە.

ئەم بۆمبە، بۆمبی ئەتۆمە. بەم بۆمبە هێزی سەرەکی گەردوون دەستەمۆ کراوە. وزەی خۆریش لەم هێزەوە سەرچاوەی گرتووەو، ئێمە ئەم وزەمان ئازاد کردووە تا دژ بەو کەسانە کە شەڕیان بەرەو رۆژهەڵاتی دوور راکێشاوە، بەکاری بهێنین.

تا بەر لەسالّی ١٩٣٩ هەموو زاناکان پێیانوابوو کە ئازاد کردنی ئەم وزەیە لە لایەنی تیۆرییەوە دەکرێت، بەڵام کەس ئاگاداری شێوە کردەییەکەی نەبووە. لە سالّی ١٩٤٢ەوە زانیمان کە ئالّمانییەکان خەریکن بە پەلە رێگەیەك دەدۆزنەوە کە وزەی ئەتۆم بە توانا شەڕکەرەکەیان زیاد بکەن و، بە تەمان بە یارمەتی ئەم توانایە هەموو جیهان بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. بەڵام ئەوان نەیانتوانی سەرکەوتوو بن.

---

[1] - grand slam

ئێمە دەبێ شوکرانە بژێری خواوەند بین کە ئالّمانیەکان لە کۆتایی شــەڕدا، ئــەویش بــە رادەیەکی کەم، سارۆخی ڤی یەك و ڤی دوویان هەبوو. هەروەها دەبێ شوکرانە بژێری خواوەند بین کە ئالّمانییەکان هەرگیز دەستیان بە بۆمبی ئەتۆم رانەگەیشت.

شەڕی تاقیگەکان وەك شەڕی ئاسمان و زەوی و دەریا، بۆ ئێمە پڕ لە مەترسی چارەنووس سازەو، ئێمە ئێستا لە شەڕی تاقیگەکانیشدا وەك شەڕەکانیتر سەرکەوتووین.

بە گوتەی هاری ترومەن: **ئێمە ئێستا ئامادەین لە سەر زەوی و لە هەموو شارەکاندا، زۆر بە گورجی دامەزراوە بەرهەم هێنەرەکانی ژاپۆن لە ناو ببەین. ئێمە بەندەرەکان، کارگەکان و پەیوەندییەکانیان لە ناو دەبەین. زۆر بە ئاشکرایی رایدەگەیەنین کە هەموو هێزی شــەڕکەری ژاپۆن خاپوور دەکەین. ئەم کردەی ئێمە بۆ بەرگری کردن لە** ... هەروەها هەندێك شــتی لــەم بابەتانە.

یەکێك لەو کتێبانە کە لیلی بۆ رامفۆردی هێنابوو، کتێبێــك بــوو بــە نــاوی **تیاچــوونی دریّسدێن** کە دەیوید ئیروینگ، نووسەرێکی ئینگلیسی نووسیبووی. نوسخەکەی رامفۆرد، چاپە ئەمریکاییەکەی ئەو کتێبە بوو کە لە سالّی ١٩٦٤ دەزگای بلّاوکردنەوەی هولت راین هارت و وینستۆن، بلّاوی کردبووەوە. ئەوەی کە رامفۆرد لێی دەگەڕا چەند بەشــێك لــە پێــشەکی ئــەو کتێبە بوو کە بە قەلّەمی هاوڕێکانی، واتە ئــیرا ســی ئیکێــر[١]، ســەرتیپی تــەقاعودی هێــزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و، مارشالّی ئاسمانی بریتانیا، سێر رۆبێرت ساندبی[٢]، خــاوەنی میدالیای بەرزی حەمام[٣]، خاوەنی میدالیای بەرزی ئیمپڕاتۆریی بریتانیا[٤]، خاوەنی میــدالییای

---

[١] - **Ira C.Eaker**

[٢] - **Sir Robert Saundby**

[٣] – ئەم میدالیایە لەسالّی ١٣٩٩ لە لایەن هێنــری پاشــای ئینگلیــسەوە بەخــشرا. خــاوەنی ئــەم میدالیایــە و میــدالیای ئیمپراتۆری بریتانیا دەتوانێت سوود لەنازناوی «سێر» وەربگرێت.

[٤] - **K.B.E.**

سوپایی[۱]، خاوەنی میدالیای فڕۆکەوانی مومتاز[۲]، خاوەنی میدالیای هێزی ئاسمانی[۳]، نووسرابوو.

سەرتیپ ئیکێری هاوڕێی لە پێشەکییەکەدا نووسیبووی: **من ناتوانم لەو ئینگلیسی و ئەمریکاییانە تێبگەم کە بۆ خەڵکی مەدەنی دوژمن دەگرین، بەڵام بۆ سوپاییە دلێرەکانی خۆمان کە لە شەڕ لەگەڵ دوژمنی دڵڕەق گیانیان فیدا دەکەن، دڵۆپێك فرمێسك نارێژن. واچاك بوو جەنابی ئیروینگ لە کاتی وێنا کردنی وێنەی ترسناکی مردنی مەدەنییەکانی درێسدێن، بیریان دەکەوتەوە کە راست لەم کاتەدا، سارۆخەکانی ڤی یەك و ڤی دووی ئاڵمان بەسەر شارەکانی ئینگلیسدا دەڕژان و، بە پێی پلانێکی پێشبینی کراو، منداڵ و ژن و پیاوی مەدەنییان بە یەك شێوە دەکوشت. واچاك بوو بوخنووالد و کاونتریشیان بیر بکەوتایەوە.**

پێشەکییەکەی ئیکر بەم رستەیە کۆتایی پێدەهات:

من بە داخەوەم بۆ ئەوەی بۆمبهاوێژە بریتانی و ئەمریکاییەکان سەد و سی و پێنج هەزار کەسیان لە هێرشەکەی درێسدێندا کوشتووە، بەڵام ئەوەش وەبیر خۆم دەهێنمەوە کە کێ دواهەم شەڕی جیهانی دەست پێکردو، بۆ مەرگی زیاتر لە پێنج ملوێن سەربازی هێزە هاوپەیمانەکانیش کە لە تێکۆشانی پێویست بۆ شکاندن و تەفروتوونا کردنی هەموو شوێن پێکانی نازیسم کیانیان فیدا کردووە، بەداخەوەم.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

ئەمەش نموونەی ئەو قسانەیە کە مارشاڵی هێزی ئاسمانی، ساندبی دەیکرد:

---

[۱] - M.C.

[۲] –D.F.C.

[۳] - A.F.C.

کەس ناتوانێت حاشا لەوە بکات کە بۆمبارانی درێسدێن کارەساتێکی گەورە بووە و، کەسانێکی کەم لە دوای خۆیندنەوەی ئەم کتێبە بڕوا بەوە دەکەن کە ئەم بوردوومانە پێویستییەکی سوپایی بووە. بوردوومانی درێسدێن یەکێك لەو رووداوە ترسناکانەیە کە لە ئەنجامی بارودۆخێکی نەخوازراو و پڕ لە مەخابن، جاروبار لە کاتی شەڕدا روو دەدەن. ئەوانەی کە ئەو رووداوەیان سەلماند، نە جەنایەتکار بوون و نە دڵڕەق، ئەگەرچی دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەم کەسانە بەهۆی دوورىوونیان لە راستییە پڕ لە توند و تیژییەکانی شەڕ، ناتوانن لە هێزی ترسناك و کاولکاری بوردوومانی بەهاری ١٩٤٥ تێبگەن.

وادیارە ئەوانەی کە کار بۆ نەهێشتنی چەکی ئەتۆمی دەکەن پێیانوایە کە ئەگەر بە ئامانج بگەن، شەڕ وەك دیاردەیەکی مرۆڤانە و لە تەحەمولهاتووی لێ دێت. ئەم کەسانە واچاکە ئەم کتێبە بخوێننەوە و بیر لە چارەنووسی درێسدێن بکەنەوە. لەم شارەدا ١٣٥٠٠٠ کەس بە هۆی هێرشی ئاسمانی، بەم چەکە ئاساییانە گیانیان بەخت کرد. هێرشی ئاسمانی شەوی نۆی مارسی ساڵی ١٩٤٥، کە لە لایەن بۆمبهاوێژە قورسەکانی ئەمریکاوە بە سەر شاری تۆکیۆدا رژا و لەوێدا بۆمبی ئاگرپژێن و بۆمبی تەقینەوەی بە هێز بەکار هێنرا، مەرگی ٨٣٧٩٣ کەسی لێکەوتەوە. بەڵام ئەو بۆمبە ئەتۆمییە کە بە هیرۆشیمادا درا ٧١٣٧٩ کەسی کوشت.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

بیلی پیل گریم لە پشت پەردە کەتانە سپییەکەوە دەیگوت: « ئەگەر رۆژێك ڕێتان کەوتە شاری کادیی لە وایومینگ، هەوالّی بابی بێمێشك بپرسن. »

لی‌لی رامفۆرد بە دەم هەڵەرزینەوە وای نواند کە خەریکی خوێندنەوەی قۆڕیاتەکەی ترۆمەنە.

ئێوارەی ئەو رۆژە باربارای کچی بیلی خۆی بە ژوورەکەدا کـرد. ئـەو بـە قورسـی لـەژێر کاریگەری دەرمانە هۆشبەرەکاندا بوو، بە چاوە شیشەییەکانی ئێدگار دێربی کلۆڵی خۆمان بەر لە گوللە باران کرانی لە درێسدێن، مات و وڕ سەیری دەکرد. پزیشکەکان حەبیان دابوویـە تـا وێڕای مەرگی دایکی و تێکشکانی باوکی، بتوانێت درێژە بە ژیانی بدات.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

پزیشکێك و پەرستارێکی لە گەڵ بوو. رابێرتی برای لە بەرەکانی شەڕی ڤێتنام گەڕابووەوە و لە فرۆکەدا بوو. باربارا بۆ تاقیکردنەوە گوتی: «پاپا، پاپا.»

بەڵام بیلی دەسالّ لەوێ دوور کەوتبووەوە، بۆ ساڵی ۱۹۵۸ گەڕابووەوە. بیلی خەریك بوو سەیری چاوی کابرایەکی گەنجی شێواو و مەنگولیسمی دەکردو، دەیویست رەقەمی عەینـەکی بۆ دیاری بکات. دایکی ئەو گەنجە شێواوەش لەوێ بوو، دەوری وەرگێڕی دەبینی.

بیلی پیل گرێم لێی پرسی: «چەند خاڵ دەبینی؟»

پاشان بیلی دووبارە لە زەمەندا سەفەری کردو، بۆ ئەو دەمە گەڕایەوە کـە شـانزە سـاڵان بوو، لە ژوری چـاوەڕوانی پزیـشکێك دانیـشتبوو. قـامکی گـەورەی چـلکی کردبـوو. تـەنیا نەخۆشێکیتر لەو ژوورەدا بوو. پیاوێکی پیر کە بە پێچ و ژانە سکەوە دەینالاند. تڕی بەردەدا و یەقی دەدایەوە.

کابرا بە بیلی گوت: «ببووڕە.» پاشان دەست بەکار بووەوە و گوتی: «وەی خوایـە گیـان. دەمزانی پیری بەڵایەکی پیسە.» ئەوسا سەری لەقاند و گوتی: «بەڵام نەمدەزانی تا ئەم رادەیە پیسە.»

بیلی پیل گرێم لە نەخۆشخانەی ڤێرمونت چاوی هـەڵێنا، بـەڵام نەیـدەزانی لـە کوێیـە. رابێرتی کوڕی سەیری دەکرد. رابێرت جلی سوپایی یەکەی بە ناوبانگی کلاو سەوزەکانی لەبەردا

بوو. قژی کورتی قنج و گەنم ڕەنگ بوو. ڕابێرت پاك و خاوێن و ڕێك و پێك بوو. میدالیایەکی دڵی ئەرخەوانی و ئەستێرەیەکی زیو و ئەستێرەیەکی برۆنز و دوو هێشووی بە سنگەوە بوو.

ئەمە ئەو کوڕە بوو کە بە هۆی دەرنەچوونی لە قوتابخانە دەرکرابوو، لە تەمەنی شانزە ساڵیدا ببووە ئەلکۆلی و لەگەڵ چەند کوڕی خوێڕی و خراپ لە مااڵ هەڵاتبوو، جارێك لەبەر ڕووخاندنی زیاتر لە سەد کێڵە قەبر لە گۆڕستانێکی کاتۆلیکی گیرابوو. ئەو کوڕە ئێستا تەواو ئەهوەند و لەسەرخۆ بوو. ڕەفتار و هەڵس و کەوتی ئێجگار باش و پێڵاو و شەڵوارەکەی بۆیە و ئوتو کراو، فەرماندەی ئەوانیتر بوو.

«پاپا؟»

بیلی پیل گریم دیسان چاوی لێکنایەوە.

بیلی ئەوەندە پەکی کەوتبوو کە نەیتوانی خۆی بگەیەنێتە مەراسیمی کفن و دفنەکە. بەڵام کاتێك لە شاری ئیلیوم ڤالێنسیایان بە خاك دەسپارد تەواو وشیار بوو. بیلی لەو ڕۆژەوە کە وەهۆش خۆی هاتبووەوە، زۆر قسەی نەکردبوو. بە ئەنقەست وەڵامی هەوااڵی مردنی ڤالێنسیا و گەڕانەوەی ڕابێرت لە شەڕی، نەدابووەوە. هەندێك شتی تری لەم بابەتەش. بۆیە پێیانوابوو بیلی خەریکە وەك ڕووەك دەژی. باسی ئەوەیان دەکرد عەمەلیات و نەشتەرگەرییەکی تری بۆ بکەن تا خوێنی زیاتر بە میشکی بگات.

لە ڕاستیدا ئەم نەخۆشییە ڕواڵەتییە بۆ بیلی وەك پەردەیەك بوو کە هەندێك شتی لە پشت شاردبێتەوە. لە پشت ئەم پەردەی بێمەبالاتی و خۆدزینەوەدا، زەینی بیلی دەکوڵا و بە هەڵچوونەوە پزیسکی دەدا. لەو حاڵی بێقەراریەدا، زەینی بیلی سەرقاڵی ئامادەکردنی نامە و دەقی وتارێژی لە بارەی دەوری باڵندەو، بێبەهایی مەرگ و، دەوری ڕاستەقینەی زەمەن بوو.

پڕۆفسۆر رامفۆرد لەوە دڵنیابوو کە بیلی مێشکی نییە، بۆیە قسەی ترسناکی لە بارەوە دەکردو، بیلیش ئەو قسانەی دەبیست. رامفۆرد لە لیلی پرسی: «بۆ ناهێڵن **بمرێت**؟»

لیلی گوتی: «چووزانم.»

«ئەمە ئیتر مرۆڤ نییە. پزیشك تایبەت بە مرۆڤە، ئەمە دەبێ بۆلای بەیتار یان نەشتەرگەری دار و درەخت ببردرێ. لانیکەم ئەوان دەزانن دەبێ چی بکەن. سەیرکە، زانستی پزیشکی پێیوایە ئەمەش ژیانە. ئایا ئەمە ژیانێکی سەیر نییە؟»

لیلی گوتی: «چووزانم.»

رۆژێك رامفۆرد باسی بۆردومانی دریسدێنی بۆ لیلی دەکرد و بیلیش گوێی لێبوو. رامفۆرد لەمەڕ دریسدێن تووشی گرفتێك ببوو. ئەو مێژووە یەك بەرگییە کە دەیویست لە بارەی هێزی ئاسمانی سوپا، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بینووسێت، قەرار بوو کورتەی کۆمەڵە کتێبێکی بیست و حەوت بەرگی بێت کە ناوی **مێژووی ڕەسمی هێزی ئاسمانی سوپا لە شەڕی یەکەمی جیهانی** بوو. کورتەیەك کە بە کەڵکی سوود لێوەرگرتن بێت. بەڵام گرفتەکە لەوەدا بوو کە وێڕای سەرکەوتنی ترسناکی هێرشەکەی دریسدێن، لە هەموو ئەم بیست و حەوت بەرگەدا، بە هیچ شێوەیەك باسی ئەو رووداوە نەکرابوو. سالەها دوای شەڕیش گەورەیی ئەم سەرکەوتنەیان لە خەڵك، ئەڵبەت لە خەڵکی ئەمریکا، شاردبووەوە. ئەڵبەت لە دیدی ئالمانییەکان یان رووسەکان کە دریسدێنیان داگیر کرد و هێشتاش ئەوێیان بەجێنەهێشتووە، هیچ شتێك شاردراوە نییە.

رامفۆرد بیست و سێ سالّ پاش ئەو هێرشە ئاسمانییە، گوتی: «ئاخری ئەمریکاییەکان ئاگاداری وەزعی دریسدێن بوون. زۆربەیان دەزانن وەزعی دریسدێن زۆر لە هیرۆشیما خراپتر بووە. کەواتە ناچارم لە کتێبەکەمدا لەو بارەشەوە شتێك بڵێم. ئەمە بۆ بەرپرسانی هێزی ئاسمانی شتێکی تازەیە.»

لیلی گوتی: «بۆچی تا ئێستا ئەوەیان شاردووەتەوە؟»

رامفۆرد گوتی: «لە ترسی ئەوەی کە نەکا کۆمەڵە خەڵکێکی ناسك و نازدار، پێیانوابێ عەمەلیاتێکی زۆر باش نەبووە.»

لێرەدا بوو کە بیلی پیل گریم بە دەنگی بەرز و بە شێوەیەك کە بتوانن تێی بگەن، گوتی: «من لەوێ بووم.»

دەمێکە بوو رامفۆرد بە چاوی نامرۆڤێکی قێزەون سەیری بیلی دەکرد و پێیوابوو دەبێ بمرێت. بۆیە بەلایەوە سەخت بوو قسەکەی بەجیدی وەربگرێت. بەڵام ئێستا کە بیلی بە روون و ئاشکرایی دەدوا، گوێچکەی رامفۆرد وای بە باش دەزانی پێیوابێت ئەم وشانە بە زمانێکی بێگانە دەگوترێن و، ئەم گوتنەش ئەوەندە ناهێنێ کە پیاو فێری ئەو زمانە ببێت. رامفۆرد گوتی: «چی گوت؟»

لیلی ناچار بوو دەوری وەرگێر ببینێت. گوتی: «گوتی کە من لەوێ بووم.»

«لەوێ بووە؟»

لیلی گوتی: «نازانم.» لە بیلی پرسی: «لە کوێ بوویت؟»

بیلی گوتی: « لە درێسدێن. »

لیلی بە رامفۆردی گوت: «درێسدێن.»

رامفۆرد گوتی: «تەنیا ئەوەندە دەزانێ کە قسەکانی ئێمە دووبارە بکاتەوە.»

لیلی گوتی: «وەی!»

«تووشی نەخۆشی ئێکۆلالیا[1] بووە.»

«وەی!»

---

[1] - Echolalia

ئێکۆلالیا جۆرێك نەخۆشی دەروونییە کە هەرکەس تووشی دەبێت، دەست دەکات بە دووپات کردنەوەی قسەی خەڵکی ساغڵەمی دەوروبەری. بەڵام بیلی بە هیچ شێوەیەك تووشی ئێکۆلالیا نەبووبوو. رامفۆرد بۆ ئەوەی خەیاڵی خۆی ئاسوودە بکات، پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بیلی تووشی ئێکۆلالیا بووە. رامفۆرد زهنییەتێکی سوپایی بوو: هەر کەسێکی بە ناجۆر بزانیایە و ئاواتی مەرگی بۆ بخواستایە، بەلای ئەوەوە تووشی نەخۆشییەکی سەخت ببوو.

رامفۆرد چەند سەعاتێك پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بیلی ئێکۆلالیای گرتووە. بە پزیشك و پەرستارەکانیشی گوت کە بیلی ئێستا تووشی ئەو نەخۆشییە بووە. ئەوانیش چەند تاقیکردنەوەیەکیان لەسەر کرد. پزیشك و پەرستارەکان هەوڵیان دەدا بیلی ناچار بکەن وشەکانیان دووپات بکاتەوە، بەڵام ئەو تاکە وشەیەکیشی بۆ نەدەگوتنەوە.

رامفۆرد بە تووڕەییەوە گوتی: «ئێستا نایکات. بەڵام هەر کە پێتان لەم ژوورە بچێتە دەر، دیسان دەست پێدەکاتەوە.»

کەس بۆچوونەکەی رامفۆردی بە جیدی وەرنەگرت. ئەو بەلای کارمەندەکانی نەخۆشخانەوە پیاوێکی قێزەونی خۆپەرەست و دڵڕەق بوو. زۆرجار کە دەرفەتێکی بۆ هەڵدەکەوت پێی دەگوتن مرۆڤە لاوازەکان شایستەی ژیان نین. بەڵام کارمەندەکانی نەخۆشخانە بە پێچەوانەوە، هەموو توانای خۆیان لە پێناوی یارمەتیدان بە مرۆڤە لاوازەکان دانابوو، هەموو هەوڵێکیان دەدا کە کەس نەمرێت.

لە نەخۆشخانە، بیلی لە گەڵ کێشەیەك رووبەڕوو بووبووەوە کە هەموو ئەو کەسانە کە لە کاتی شەڕ خاوەنی دەسەڵات نین، لە گەڵی رووبەڕوو دەبنەوە. هەوڵی دەدا بە دوژمنە کەڕ و کوێر و سەرەڕۆکەی بسەلمێنێت کە دەبێ ئەویش بخوێندرێتەوە و گوێ لە قسەکانی بگیردرێت. شەو تا کاتی کووژانەوەی چراکان بێدەنگ بوو، پاشان لە دوای بێدەنگییەکی دوور و درێژ ــ کە

دەنگێك بۆ دەنگدانەوە لە ئارادا نەبوو ــ بە رامفۆردی گوت: «کاتی بوردوومان، من لە شاری دڕێسدێن بووم. بە دیل گیرابووم.»

رامفۆرد بە بێتاقەتییەوە ئاخێکی هەڵکێشا.

بیلی پیل گریم گوتی: «بە شەرەفم سوێند دەخۆم کە راست دەکەم. بڕوا بە قسەکەم بکە.»

رامفۆرد گوتی: «جا پێویستە هەر ئێستا لەم بابەتە بدوێین!؟»

رامفۆرد قسەکانی بیلی بیستبوو، بەڵام بڕوای پێنەدەکرد.

بیلی گوتی: «هەرگیز پێویست نییە لەم بارەوە بدوێین. تەنیا دەمەوێ بزانی کە من لەوێ بووم.»

ئەو شەوە باسی دڕێسدێن نەکراو، بیلی پاش ئەوەی کە چاوی لێکنا، لە زەمەندا سەفەری بۆ دوانیوەڕۆیەکی مانگی مای، دوو رۆژ دوای شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئوروپا، کرد. بیلی و پێنج دیلی تری ئەمریکایی سوار گارییەکی سەوزی وەك تابووت ببوون. ئەوان ئەم گارییە بێخاوەنە و دوو ئەسپییان لە دەوروبەری شاری دڕێسدێن دۆزیبووەوە. ئێستا بە دەنگی تەقە تەقی سمی ئەسپەکان، بە کۆڵانە باریکەکانی دڕێسدێندا تێدەپەڕین. کۆڵانە کاولەکانی مانگیان خاوێن کردبووەوە. ئەمریکاییەکان بۆ دۆزینەوەی دیاریییەکانی شەڕ بەرەو قەسابخانە دەگەڕانەوە. بیلی بیری تافی منداڵی خۆی لە شاری ئیلیوم و، دەنگی سمی ئەسپی شیرفرۆشەکان لە کازیوەی بەیانیاندا کەوتبووەوە.

بیلی لە پشت ئەم تابووتە گەڕۆکە دانیشتبوو. سەری خستبووە دواوەو، کونە لووتەکانی گەرم داهاتبوون. خەمی نەبوو. چاوی گەرم بوو. گارییەکە شەراب و خواردنی تیابوو. جگە لەوەش کامێرایەکی وێنەگرتن و کەلەکسیۆنێکی پوول و کوندێکی وشك کراو و سەعاتێکی گەورەی سەر ئاگردانیشی لێبوو، کە بە گۆڕانی زەختی هەوا کاری دەکرد. ئەمریکاییە

دیلەکانی دەوروبەری شاری دریسدێن خۆیان بە ماڵە چۆڵەکاندا کردبوو، ئـەم شـتانە و گـەلێك شتی تریان هەڵگرتبوو.

خاوەنی ماڵەکان کاتێك بیستبوویان رووسەکان بەرەو ئەوان بەرێوەن و، لەسەر رێگەشـیان سڵ لە کوشتن و تاڵان کردن و دەستدرێژی و ئاگر تێبەردان ناکەنەوە، وازیان لە هـەموو شـتێك هێنابوو، هەڵاتبوون.

بەڵام رووسەکان، تەنانەت تا دوو رۆژ پاش شەڕیش هێشتا نەهاتبوون. هەموو شتێك لـە کاولەکاندا ئارام بوو. بیلی لە رێگەی قەسابخانە تەنیا یـەك کەسـی بـینی. پیرەمێردێـك کـە کەژاوەیەکی منداڵانەی لێدەخوڕی. لە کەژاوەکەدا چەند پارچە دەفر و فنجان و چەترێکی دڕاوی بێ پەڕۆ و هەندێك کەلوپەلیتر بوو، کە دۆزیبوویەوە.

کە گەیشتنە قەسابخانە، بیلی لە گارییەکەدا مایەوە و لەبەر خۆرەتاودا دانیشت. ئەوانیتر شوێن دیاری و سەوقاتی کەوتن. دواتر، ترالفامادۆرییەکان ئامۆژگاری بیلیان کرد کە هەمیشە زەینی لە سەر ساتە خۆشەکانی ژیانی رابگرێ و، ساتە ناخۆشەکان پشت گوێ بخـات. کاتێـك ئەبەدییەت لە گەڕان دەوەستێ، ئەو هەر لە شتە جوانەکان ورد ببێتەوە. ئەگەر بیلی دەرفـەتی هەڵبژاردنێکی ئاوای بۆ بڕەخسایە، ئەم وەنەوزە کورتەی بەر خۆرەتاوی پشت گارییەکـەی، وەك جوانترین ساتی ژیانی هەڵدەبژارد.

بیلی پیل گریم لە کاتی وەنەوزداندا چـەکدار بـوو. لـەو کاتـەوە کـە فێـری پێویـستییە سەرەتاییەکانی کاروباری سوپایی ببوو، ئەمە یەکەمجار بوو کە چەکی هەڵدەگرت. هاوڕێکـانی هانیان دابوو چەك هەڵبگرێت. خوا دەزانێ چاڵەکانی رووپەڕی مانگ چەندە پیاو کوژی لێیـە. ــ سەگی وەحشی، ئەو رەوە مشکانە کە بە خواردنی تـەرم قەڵـەو بـوون، پیـاوکوژ و شـێتی هەڵاتوو، ئەو سەربازانە کە تا دەمرن واز لە کوشتن ناهێنن.

بیلی دەمانچەیەکی گەورەی سوپای سواردی بە کەلەکەیەوە نابوو. ئەو دەمانچە پاشماوەی شەڕی یەکەمی جیهانی بوو. بنی قۆناغەکەی ئالڤەی بوو. گوللەکانی بەقەدەر هێلکەی بووکەسوورە[1] بوون. ئەو، دەمانچەکەی لە مالێك، لە سەر مێزی لای قەرەوێلەیەك دۆزیبووەوە. ئەمەش یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆتایی شەڕ بوو. بێگومان هەر کەس دەیتوانی ببێتە خاوەنی چەك. چەك لە هەموو شوێنێك بوو. بیلی شمشێرێکیشی لە جۆری شمشێرەکانی تەشریفاتی لوفت وافەی بوو، کە هەڵۆیەك لە کاتی قیژە و قڕیندا، لەسەر مشتووەکەی هەڵکەندرابوو. هەڵۆکە خاچێکی شکاوی بە چنگ گرتبوو، سەیری خوارەوەی دەکرد. تیغی شمشێرەکەیان لە دارتێلی تەلەفۆن رۆ کردبوو، بیلی بە سوار گاریەکەوە تاوی دابووە شمشێرەکەو، لە دارەکەی دەرکێشابوو.

بیلی بە بیستنی دەنگی ژن و مێردێك، کە بە لەحنێکی پڕ بەزەیی و بە زمانی ئالمانی دەدوان، وردە وردە لە وەنەوز کەوت. ژن و پیاوەکە بە سۆزێکی شاعیرانەوە دڵیان بۆ کەسێك دەسووتاند. ئەو بەر لەوەی چاو هەڵێنێ بیری کردەوە: رەنگە هاوڕێکانی مەسیح، کاتێك تەرمی وێرانی ئەویان لە خاچ دابەزاندووە، بەم لەحنە پڕ بەزەییە دوابێتن. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

کە بیلی چاوی هەڵێنا، ژن و پیاوێکی ناوین ساڵ بە گوێی ئەسپەکاندا دەیانچرپاند. ئەوان پەیان بە شتێك بردبوو کە ئەمریکاییەکان پەیان پێ نەبردبوو. خوێن لە دەمی ئەسپەکانەوە دەتکاو، هەوسارەکان دەمیانی بریندار کردبوو. سمی ئەسپەکانیش شکابوو، هەموو شەقاوێکیان بە مانای ئازارێك بوو. ئەسپەکان ئەوەندە تووڕە بوون کە خەریك بوو شێت دەبوون.

---

[1] – باڵندەیەکی ١٥ سانتی مەتریە. سنگ و مل و نێوچاوانی نارنجییە. پشتی قاوەیی زەیتوونییە و بەرسکی ئامالێ سپییە. بە فارسی پێی دەڵێن «سینە سرخ». ناوە لاتینەکەشی **Erithacus rubecula** – فەرهەنگی باڵندە. ئەحمەد بەحری

ئەمریکاییەکان هەستیان بە جیاوازی لە مابەینی گاریپەکە و شۆڕلێتێکی شەش سیلەندر نەکردبوو، بێئەوەی گوێ بەو جیاوازیانە بدەن، وەك یەك بەکاریان دەهێنان.

ئەوانەی بەزەییان بە ئەسپەکاندا هاتبوو، بۆ ئەوەی بتوانن بە رەفتارێکی مەزنانەوە سەرکۆنەی بیلی بکەن و لێی وردبنەوە، دەوری گاریپەکەیان دایەوە. ئەوان لە بیلی پیل گریم، بەو عابا شین و پێڵاە زیوینەوە کە قەڵافەتێکی مەسخەرەی بوو، نەدەترسان.

ژنەکە جوان و ناسك بوو. لەبەر خواردنی بەردەوامی پەتاتە، لەشێکی شەفافی بوو. پیاوەکەش قاتێکی رێك و پێکی لەبەردابوو، بۆینباخی بەستبوو. پەتاتە لەش و لاری ئەوی شپرزە کردبوو. باڵای پیاوەکە بە قەدەر بیلی بوو، عەینەکێکی قاپ ئاسنی سێ تەنزیمەی لە چاودا بوو. ئەم ژن و پیاوە کە هەموو تەمەنیان لە گەڵ کۆرپەڵاندا بەسەر بردبوو، ئەگەرچی دەیانتوانی منداڵییان ببێت، بەڵام منداڵی خۆیان نەبوو. ئەمەش راڤەیەکی سەیر لە رووداوی زاووزێ بوو.

ئەوان بە هەردووکیانەوە نۆ زمانیان دەزانی. سەرەتا بە پۆڵەندی بیلی پیل گریمیان دواند. ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە بیلی وەك قەشمەرییەکان جلی پۆشیبوو، پۆڵەندییە کلۆڵەکانیش قەشمەڕی سروشتی شەڕی دووهەمی جیهانی بوون.

بیلی بە زمانی ئینگلیسی لێی پرسین چیان دەوێت. ئەوانیش بە هەمان زمان بیلیان بۆ وەزعی ئەسپەکان سەرکۆنە کرد. ئەوسا دوایان لێکرد لە گاریپەکە بێتەخوار و سەیری ئەسپەکان بکات. کاتێك بیلی چاوی بەو دیمەنە کەوت، گریا. ئەو پێشتر بۆ هیچ شتێکی شەڕ نەگریابوو.

سالانێك دواتر، کاتێك بیلی بوو بە بینایی پێوێکی ناوین سالێ، جاروبار لە خەڵوەتی خۆیدا بە ئارامی دەگریا. گریانێکی بێدەنگ، بێئەوەی دەنگی قووڕە قووڕی بەرز ببێتەوە.

لەبەر ئەمەیە کە سەرەتای ئەم کتێبە، چوارینەیەك لە گۆرانی بە ناوبانگی کریسمەسە. بیلی ئەگەرچی زۆرجار رووبەڕووی هەندێك شت دەبووەوە کە بۆ گریان دەبوون، بەڵام زۆر بە کەمی دەگریاو، لەم بارەوە لانیکەم کەمێك لە مەسیحی ئەم گۆرانییە دەچوو

گاکان دەبۆڕێنن،

کۆرپەکە بەئاگای دەبێتەوە،

بەڵام مەسیحی بچکۆلە،

هەرگیز ناگری.

بیلی سەفەرێکی لە زەمەندا کرد و بۆ نەخۆشخانەی قێرمۆنت گەڕایەوە. نەخۆشەکان ناشتایان خواردبوو. دەفر و پاشماوەی خواردنەکان کۆ کرابوونەوەو، پرۆفسۆر رامفۆرد بە بێمەیلییەوە وەك مرۆڤ سەیری بیلی کرد. رامفۆرد بە رقەوە پرسیاری لە بیلی دەکردو، ئاخری رازی بوو کە بیلی بە راست لە درێسدێن بووە. ئەو لە بیلی پرسی بۆردوومانەکە چۆن بوو؟ بیلی باسی ئەو ئەسپانە و ئەو ژن و مێردەی کرد کە لەسەر مانگ پیاسەیان دەکرد.

ئەو چیرۆکە بەم شێوە کۆتایی پێهات: بیلی و ئەو دوو پزیشکە ئەسپەکانیان لە گارییەکە کردەوە، بەڵام ئەسپەکان لەبەر ئازاری قاچیان لە جێی خۆیان نەجوولان. پاشان رووسەکان بە ماتۆر سیکلێت هاتن و بێجگە لە ئەسپەکان، هەمویانیان گرت.

دوو رۆژ لەوەدوا بیلییان تەسلیمی ئەمریکاییەکان کردەوەو، ئەوانیش بە پاپۆڕێکی بار هەڵگر، کە زۆر لەسەرخۆ دەڕۆشت و ناوی لوکرێشیا ئا. مۆت[1] بوو، بۆ ئەمریکایان گەڕاندەوە. لوکرێشیا ئا. مۆت یەکێك لە لایەنگرانی بەناوبانگی مافی ژنان لە ئەمریکا بوو. ئەڵبەت ئەو ئێستا مردووە. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

---

[1] - Lucretia A. Mott

رامفۆرد لە بارەی تیاچوونی درێسدێن، بە بیلی گوت: «**دەبوو** ئەم کارە بکرایە.»

بیلی گوتی: «دەزانم.»

«شەڕە ئیتر.»

«دەزانم و گلەیی ناکەم.»

«حەتمەن دۆزەخێك لەسەر عەرز بەرپا ببوو.»

بیلی پیل گریم گوتی: «بەڵێ وابوو.»

«پیاو دڵی بۆ ئەو کەسانە دەسووتێ کە ناچار بوون کاری وا بکەن.»

«بەڵێ راستە.»

«حەتمەن تۆش تووشی گەلێك هەستی دژواز ببوویت.»

بیلی گوتی: «نا، کێشەیەك نەبوو. **هەرگیز** کێشەیەك نەبووەو، هەر کەس ئەو کارە دەکات کە دەبێ بیکات. من لە ترالفامادۆر فێری ئەمە بووم.»

رۆژی دوایی کچەکەی بیلی پیل گریم بۆ مااڵوەی بردەوە، لەسەر قەرەوێڵەکەی خۆی خەواندی و ئەنگوستە جادوویەکەی بۆ هەڵکرد. پەرستارێکی بە ئەزموونیش بۆ چاوەدێری کردنی لەوێ بوو. بڕیار وابوو بیلی هیچ کارێك نەکات و، تا ماوەیەك لە ماڵ نەچێتە دەر.

بەڵام رۆژێك کە پەرستارەکە ئاگای لێنەبوو لە ماڵ دەرباز بوو. ئەو بە تەمای بەشداری کردن لە پڕۆگرامێکی تەلەفزیۆنی، بە ئوتومبێل بەرەو نیۆیۆرك ڕۆشت. ئەو دەیویست ئەو وانانە بە خەڵکی جیهان بڵێتەوە کە لە ترالفامادۆر فێریان ببوو.

بیلی پیل گریم لە ئوتێلی ڕۆیاڵتۆن، لە شەقامی چل و چواری شاری نیۆیۆرك، ژوورێکی گرت. ئەو ژوورە بە ڕێکەوت هەمان ژوور بوو کە سەردەمێك شوێنی ژیانی جۆرج جین ناتانی ڕەخنەگر و ئەدیتۆری بەناوبانگ بوو. بە تێگەیشتنی زەوینییەکان لە زەمەن، ناتان لە ساڵی

١٩٥٨ مردبوو. بەڵام بە تێگەیشتنی ترالفامادۆرییەکان لە زەمەن، ناتان هێشتا لـە شـوێنێك زیندوو بوو، هەمیشە دەژیا.

ژوورەکە، ژوورێکی سادە و بچووکی ئاخر نهۆمی ئوتێلەکە بوو. پەنجەرە گەورەکانی بەرەو بانیژەیەکی گەورە دەکرانەوە، دیواری پشتەوەی بانیژەکەش لەسەر شەقامی چل و چـوار بـوو. بیلی بە سەر دیواری بانیژەکەدا نەوییەوە، سەیری ئەو خەڵکەی کرد کە لە خوارەوە لـە حـاڵی گەشـت و گەڕانـدا بـوون. ئـەوان وەك مەقەسـت بـە گـورجی دەجوولّـان و، سـەیر کردنیـان سەرقاڵییەکی زۆر خۆش بوو.

شەوێکی سارد بوو. زۆری نەخایاند کە بیلی بۆ ژوورەکەی گەڕایەوە و پەنجەرەکەی پێوەدا. پێوەدانی ئەو پەنجەرە، مانگی هەنگوینەکـەی وەبـیر هێنایـەوە. هێلانـەی عەشـقی مـانگی هەنگوینەکەیان لە کیپ ئانیش، پەنجەرەی ئاوا گەورەی بوو، هێشتاش هـەر ئـەو پەنجەرانـەی هەیە و هەمیشەش دەیبێت.

بیلی تەلەفزیۆنەکەی هەڵکرد و، بەردەوام دوکمەی کانالّەکانی تەقە تەق دەگۆڕی. ئەو بـە شوێن بەرنامەیەکدا دەگەڕا کە بهێڵن بەشداری تێدا بکات. بەڵام هێشتا بۆ ئەو بەرنامانـە کـە خاوەنی بیروبۆچوونە سەیر و سەمەرەکان بتوانن بەشداری تێدا بکـەن، زوو بـوو. سـەعات لـە هەشت تێپەڕیبوو، رۆزبەی پڕۆگرامەکان لە بارەی گەوجییەتی یـان جەنایەتـەوە بـوون. بـەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

بیلی لە ژوورەکەی هاتە دەر، بە هەڵگێڕێکی ئاساییدا داگەڕا و، بە پێ بـەرەو مەیـدانی تایمز چوو، سەیری جاخانەی کتێب فرۆشییەکی سووکی کرد. جاخانەی کتێب فرۆشییەکە سەدان کتێب لە بارەی جیماع و لەوات و جەنایەتی تیا بوو. هەروەها خەریتەیەکی شـاری نیۆیـۆرك و مودێلێکی پەیکەرەی ئازادی کە گەرماپێوێکی لەسەر دامـەزرابوو. هـەروەها چـوار کتـێبی

گیرفانیش که پەڵەی دووکەڵ و گوومشك داپۆشیبوون. ئەم رۆمانانە بەرهەمی گیلگور تراوتی هاورێی بوون.

لەو کاتەدا نەواریکی نوورانی لەسەر بینایەك کە لە پشت بیلییەوە بوو، هەواڵەکانی بڵاو دەکردەوە. جاڤانەی دووکانەکە هەواڵەکانی دەنواندەوە. هەموو هەواڵەکان لە بارەی دەسەڵات و وەرزش و رق و مەرگەوە بوون. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

بیلی خۆی بە کتێبفرۆشییەکەدا کرد.

لەسەر تابلۆیەك نووسرابوو: تەنیا گەورەکان دەتوانن بچن بۆ پاشخانی دووکانەکە.

لە پاشخانی دووکانەکە هەندێك شتی وەك **شاری فەرەنگی**[1] لێبوو، کە فیلمی رووتی نیشان دەداو، هەر کەس بیست و پێنج سەنتی بدایە، دەقیقەیەك سەیری دەکرد. پاشخانی دووکانەکە رەسمی رووتی ناحەزیشی بۆ فرۆشتن لێبوو، کە دەکرا بیردرێنەوە بۆ ماڵەوە. رەسمەکان لە فیلمەکان زیاتر ترالفامادۆری بوون، چونکا مرۆڤ هەر کاتێك بیویستایە دەیتوانی سەیریان بکات و نەدەگۆڕان. تەنانەت بیست سالّی تریش هەر بەم شێوە زەردەخەنەیان بۆ دەکردین، یان هەر بەم دیمەنە مەسخەرەی ئێستایانەوە، لێمان ورد دەبوونەوە. هەندێکیان نوقڵی دارینە یان مۆزیان دەخواردو، دوای بیست سالّیش هێشتا هەر ئەو شتانەیان دەخوارد.

بەڵام بیلی پیل گریم فریوی نەخوارد و نەچوو بۆ پاشخانی دووکانەکە. ئەوەی کە بیلی دنە دەدا، رۆمانەکانی تراوت بوو کە لە پێشخان و جاڤانەی دووکانەکە داندرابوون. ئەو، تا ئەو دەمە ناوی هەموو کتێبەکانی نەبیستبوو یان پێیوابوو نەبیبستووە. یەکێکیانی کردەوە. کارێکی نەسیاو نەبوو. هەموو کەس بۆی هەبوو دەست بە شتی ناو دووکانەکەدا بێنێت. ناوی کتێبەکە **تابلۆی گەورە** بوو. بیلی چەند پارەگرافێکی لێ خوێندەوە و پاشان بیری کردەوە کە

---

[1] – قوتوویەکی کەمێك گەورە بوو کەجارانی زوو رەسم و تەنانەت فیلمیشیان تێدا نیمایش دەکرد و بینەر دەبوو لە کونێکەوە سەیری بکات.

ساڵانێك لەوەبەر ئەم کتێبەی لە نەخۆشخانەی تایبەت بە کۆنە سەربازەکان خوێندۆتەوە. کتێبەکە لە بارەی ژن و مێردێکی زەوینیەوە بوو، کە لە لایەن بوونەوەری نازەوەینییەوە دەدزران و لە باخچەی ئاژەڵانی هەسارەیەك بە ناوی زیرکون ـ ٢١٢ نمایش دەدران.

ئەم مرۆڤە خەیاڵییانە تابلۆیەکی گەورەیان بەسەر دیواری شوێنی ژیانی ئەو دوو زەوینییەوە کوتابوو، کە هەموو دیوارەکەی گرتبووەوە. ئەم تابلۆیە بە ڕواڵەت بەهای بۆرس و نرخی شمەکی نیشان دەدا. هەروەها تەلەتاپێك و تەلەفۆنێکیشیان لەبەر دەستدا بوو کە بە ڕواڵەت پەیوەندی بە بازاری بۆرسی زەوینەوە بوو. بوونەوەرەکانی زیرکون ـ ٢١٢ بە دیلەکانی خۆیانیان گوتبوو کە ملوێنێك دۆلاریان لەسەر زەوی خستۆتە ناو کارو کاسبییەوە، ئەوان دەبێ ئیدارەی ئەم کارو کاسبییە لە ئەستۆ بگرن، تا کاتێك کە گەڕانەوە بۆ زەوی سامانێکی ئەفسانەییان ببێت.

ئەڵبەت تەلەفۆن و تابلۆی گەورە و تەلەتاپەکە درۆ بوو. ئەم ئامێرانە پاڵنەرێك بوون تا زەوینییەکان بۆ نمایشی باخچەکە هان بدەن. ــ مەسەلەن لە پڕێکدا هەڵبەزنەوە و دابەزنەوە، یان لە خۆشیان هاوار بکەن، یان بە حەسرەتەوە سەیر بکەن، یان ڕوویان گرژ بکەن، یان قژی خۆیان بڕنن، یان لە ترسان خۆیان پیس بکەن، یان وەك مندااڵی سەر باوەشی دایکیان هەست بە رازی بوون بکەن.

زەوینییەکان لە سەر کاغەز، کارەکەیان بێ عەیب بوو. ئەڵبەت ئەمەش بەشێك لە درۆ و دەلەسەی کێشەکە بوو، کە دواتر لەگەڵ کێشە دەروونییەکان تێکەڵ دەبوو. بە پێی ڕاپۆرتی تەلەتاپەکە، سەرەك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان حەوتوویەکی وەك حەوتووی نەتەوەیی دۆعا ڕاگەیاندبوو، هەموو دەبوو دۆعا بکەن. حەوتوویەك لەوە پێش وەزعی بازار بۆ زەوینییەکان زۆر خراپ بوو. بڕە پارەیەکی زۆریان لە مامڵەی زەیتوونەدا زەرەر کردبوو، بەو بۆنەوە دەستەو داوێنی دۆعا ببوون.

ئەم کارەیان بێسوود نەبوو. نرخی رۆن زەیتوون بەرز بووەوە.

کتێبێکی‌تری کیلگور تراوت لە ناو جامخانەکە، لە بارەی پیاوێکەوە بوو کە ماشینێکی زەمەنی داهێنابوو تا بتوانێت بۆ رابوردوو بگەڕێتەوە و مەسیح ببینێت. ماشینەکە سەر رێ کەوت و داهێنەرەکە، مەسیحی لە دوازدە سالێدا بینی. مەسیح لە لای باوکی خەریك بوو فێری دارتاشی دەبوو.

دوو سەربازی رۆمی خۆیان بە دووکانەکەدا کرد. ئەوان گەڵاڵەی ئامێرێکی میکانیکیان پێبوو کە لەسەر پارچە پاپیرۆسێك کێشرابووەوە، دەیانویست بەر لە خۆرکەوتنی بەیانی ئامادەی بکەن. ئەم ئامێرە خاچێك بوو کە قەرار بوو ئاژاوەگێڕێکی پێ لە دار بدەن.

مەسیح و باوکی پێیان خۆش بوو کە ئەو کارەیان پێ سپێردرابوو. ئەوان خاچەکەیان ساز کرد و ئاژاوەگێڕەکەش بەو خاچە لە دار درا.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

وادیار بوو دەستەیەکی پێنج کەسی ئەو کتێبفرۆشییەیان بەرێوە دەبرد، کە بریتی بوون لە پێنج پیاوی کەچەڵێ کورتە بااڵ. ئەوان بەردەوام خەریکی جووینی جگەرەی بەرگی کووژاوە و تەڕ و تڵیس بوون. هەرگیز بزەیان نەدەهاتێ و، هەر یەکە لەسەر چوارپایەیەك دادەنیشتن. دووکانێکی مەسخەرە بوو. هەموو شتەکان لە بارەی عەشق و کورپەڵەوە بوو. فرۆشیارەکان جاروبار داوایان لە کەسێك دەکرد کە لە بری ئەوەی هەر سەیر سەیر بکات و، شمەکی ناو دووکانەکە دەستمالێی بکات، یان شتێك بکڕێت یان بڕواتە دەر. هەندێك لە مشتەرییەکان لەبری ئەوەی سەیری شمەکی ناو دووکانەکە بکەن، سەیری یەکتریان دەکرد.

یەکێك لە فرۆشیارەکان لە بیلی نزیك بووەوە، گوتی شتە باشەکانمان لە پاشخانی دووکانەکەدا داناوە. گوتی ئەو کتێبانە کە دەیخوێنێتەوە تەنیا بۆ ئەوەیە جامخانەکەی پێ بڕازێتەوە. بە بیلی گوت: «وەللا ئەمانە بە کەڵکی تۆ نایەن. شتە بەکەڵکەکان لە پاشخانن.»

بۆیە بیلی تۆزێك بەرەو پاشی دووکانەکە چوو، بەڵام نەگەیشتە ئەو شوێنە کە تایبەتی گەورە سااڵن بوو. ئەو لەبەر حورمەتی کابرا و بە هۆی گێژبی خۆیەوە جوولا. هێشتا کتێبەکەی تراوتی بە دەستەوە بوو، ئەو کتێبە کە لە بارەی مەسیح و ماشێنی زەمەن بوو.

موسافیری زەمەنی ئەو کتێبە بۆ سەردەمی ئینجیل دەگەڕایەوە. ئەو لە شتێکی تایبەت دەگەڕا: ئایا مەسیح بە راست لەسەر خاچ مردووە، یان ئەو کاتە کە لە خاچەکە دایانبەزاندووە، هێشتا زیندوو بووە؟ ئایا بەراست دریژەی بە ژیان داوە یان نا؟ پاڵەوانی چیرۆکەکە سەماعەیەکی پزیشکیشی لە گەڵ خۆی بردبوو.

بیلی وازی لە لاپەرەکانیتر هێناو، لاپەڕە کۆتاییەکانی هەڵدایەوە. ئەو شوێنە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە تێکەڵ بەو حەشیمەتە دەبێت کە دەیانەوێ مەسیح لە خاچەکەی دابگرن. موسافیری زەمەن، کە جلی ئەو دەمانەی لە بەردابوو، یەکەم کەس بوو بە پەیژەکەدا هەڵگەڕاو، بۆ ئەوەی خەڵك لە کاتی بەکارهێنانی سەماعەکە نەیبینن، بەسەر مەسیحدا نەوییەوە. ئەوسا گوێی بە دڵیەوە گرت.

بچووکترین دەنگ لە پەراسووی ئێسکن و، ناو دڵی برسی ئەوەوە نەدەهات. کۆڕی خوا وەك بەرد بێ گیان بوو.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

موسافیری زەمەن کە ناوی لانس کاروین بوو، توانی دریژایی باڵای مەسیح بپێوێت، بەڵام نەیتوانی پەی بە کێش و قورساییەکەی ببات. باڵای مەسیح سەد و پەنجا و نۆ سانتی مەتر بوو.

یەکێکیتر لە فرۆشیارەکان هات بۆ لای بیلی و لێی پرسی: ئایا دەیەوێ ئەو کتێبە بکڕێت یان نا؟ بیلی وەڵامی دایەوە: بێگومان دەیەوێ بیکڕێت. بیلی پشتی لە رەفەیەك بوو کە کتێبی گیرفانی لەسەر داندرابوو، هەموویان لە بارەی پەیوەندی سێکسی نائاسایی لە میسری کۆنەوە تا سەردەمی ئێستاو، ئەم جۆرە شتانە بوون. فرۆشیارەکە پێیوابوو بیلی خەریکی خوێندنەوەی یەکێك لەم کتێبانەیە، بۆیە کاتێك کتێبەکەی بە دەست بیلییەوە بینی داچڵەکی. گوتی: «پەنا بە خوا، ئەمەت لە کوێ دۆزییەوە؟» و ئەم جۆرە قسانە. ئەوسا ناچار بۆ فرۆشیارەکانی تری گێڕایەوە کە پیاوێکی بەلاڕێدا چوو، بە تەمایە کتێبەکانی تایبەت بە جادوو بکڕێت. فرۆشیارەکانیترکە ئاگاداری ئەو رووداوە بوون، بە سەرسوڕمانەوە سەیری بیلییان دەکرد.

کاتێك بیلی بۆ وەرگرتنەوەی باقی پارەکەی لەبەر سندووقەکە راوەستابوو، چاوی بە سەوەتەیەکی پڕ لە کۆنە گۆڤاری سێکسی کەوت. بە سیلەی چاو سەیری یەکێکیانی کرد و ئەم پرسیارەی سەر بەرگەکەی خوێندەوە: **بە راست مۆنتانا وایلد هاك چی بەسەر هاتووە؟**

بیلی وتارەکەی خوێندەوە. ئەڵبەت ئەو دەیزانی مۆنتانا وایلد هاك بە راست لە کوێیە. مۆنتانا وایلد هاك لە ترالفامادۆر بوو، کۆرپەکەی پەروەردە دەکرد. بەڵام گۆڤارەکە، کە ناوی **پشییەکانی نیوە شەو** بوو، خوێنەرەکانی دڵنیا دەکرد کە مۆنتانا وایلد هاك پاڵتۆیەکی چیمەنتۆیی لەبەر دایە و لە قوواڵیی پەنجا مەتری ئاوە سوێرەکانی کەنداوی سێن پێدرۆدا خەوتووە.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

بیلی حەزی دەکرد قاقا پێبکەنێت. ئەو گۆڤارە بۆ پیاوە رەبەنەکان بڵاو دەکرایەوە. گۆڤارەکە ئەو چیرۆکەی بۆ ئەوە بڵاو کردبووەوە تا بتوانێ هەندێك رەسمی ئەو فیلمە رووتانە بڵاو بکاتەوە کە مۆنتانا لە تافی میرمندالی بەشداری تێدا کردبوون. بیلی گوێی بەو رەسمانە نەدا.

هەموویان لە ژێر پەڵەی دووکەڵ و گەچدا شاردرابوونەوە. ئەوانە ڕەسم بوون، جا ڕەسمی هەر کەس بن.

دیسان بیلییان بۆ پاشخانی دووکانەکە ڕێنوێنی کردەوە، ئەمجارە بیلی چوو. مەلەوانێکی ماندووی کەنەفت، وێڕای ئەوە کە فیلمەکە هێشتا کۆتایی نەهاتبوو، لەبەر ئامێری فیلم نیشاندانەکە لاچوو. بیلی سەیری ناو ئامێرەکەی کردو، چاوی بە مۆنتانا وایلد هاك کەوت کە بە تەنیا لەسەر قەرەوێلەکەی ڕاکشابوو، خەریك بوو پێستی مۆزێکی لێدەکردەوە. ئامێرەکە کووژایەوە. بیلی حەزی لە بینینی پاشماوەی فیلمەکە نەبوو. فرۆشیارێك بە پێداگرییەوە داوای لێکرد شوێنی بکەوێ، تا بە دزییەوە لە ناو پێشخانەکە شتێکی نیشان بدات کە بە کەڵکی پیاوی خۆی دێت.

بیلی بە کونجکۆڵییەوە دەیویست بزانێ لە وەها شوێنێکدا چیان شاردۆتەوە. فرۆشیارەکە بە سیلەی چاو سەیری کرد و شتەکەی نیشان دا. ڕەسمی ژنێك و ئەسپێکی تاتو بوو. ڕەسمێکی قێزەون کە ژن و ئەسپە تاتووەکەی لە زەمینەی پەردەی مەخمەڵی گوڵینگەداردا دەنواند. لەملاولای پەردەکان دوو ستوون، بە شێوەی بیناسازی دوریکی یۆنان داندرابوون.

ئەو شەوە بیلی نەیتوانی بەشداری پڕۆگرامی تەلەفزیۆنی بکات، بەڵام لە وتوێژێکی ڕادیۆییدا بەشداری کرد. لە پاڵ ئوتێلەکەی بیلی وێستگەیەکی ڕادیۆی لێبوو. بیلی ناوی وێستگەکەی بەسەر دەرکەی بینایەکی گەورەوە بینی و چووە ژوور. بە هەڵگیرێکی ئۆتۆماتیکی، تا ستۆدیۆکە هەڵگەڕا. لەوێ لەگەڵ کۆمەڵە خەڵکێکیتر کە چاوەڕوانی چوونە ژوور بوون، ڕووبەڕوو بووەوە. هەموویان ڕەخنەگری ئەدەبی بوون و پێیانوابوو بیلیش لە خۆیانە. ئەوان دەیانویست قسە لەوە بکەن کە ئایا ڕۆمان مردووە یان نا. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

ئەوان لە دەوری مێزێکی داربەڕووی ئالّتوونی دانیشتن و، میکرۆفۆنێکی تایبەت بە بیلی لەبەر دەمی داندرابوو. بەرپرسی پڕۆگرامەکە ناوی خۆی و ناوی ئەو رۆژنامەی لێپرسی کە کاری لێدەکرد. بیلی گوتی: ئەو لە رۆژنامەی **ئیلیوم گازێت**ەوە هاتووە.

بیلی دەمارگرژ و خۆشحالّ بوو. بە خۆی گوت: «ئەگەر رۆژێك ڕێتان کەوتە شاری کادی سەر بە ڤایۆمینگ، سۆراخی بابی بێمێشك بگرن.»

هەر لە یەکەم بەشی بەرنامەکە، بیلی دەستی بەرز کردەوە. بەڵام لەو بەشەدا ئیزنی قسە کردنیان پێنەدا. چەند کەس بەر لە ئەو نۆرەیان گرتبوو. یەکێك لە رەخنەگرەکان گوتی ئێستا کە سەد سالّ لە رووداوەکەی ئاپۆماتۆکس[1] تێپەڕیوە، تازە ڤیرجینیاییەك کتێبێکی بە ناوی **کۆلیتی مامە تۆم**[2] نووسیوە. ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە رۆمان بە خاك بسپێرین. رەخنەگرێکی‌تر گوتی خەڵکی ئێستا ئەوەندە خوێندەوار نین تا نووسینە چاپکراوەکان لە مێشکیاندا بکەن بە دیمەنی سەرسامکەر، بۆیە نووسەران ناچارن کارێك بکەن کە نۆرمەن مایلێر[3] کردی، واتە لەبەر چاوی خەڵك نووسینەکانیان نمایش بکەن. بەرپرسی پڕۆگرامەکە لێی پرسین، بە بۆچوونی ئەوان لە کۆمەڵگەی ئیمڕۆدا رۆمان چ دەورێك دەبینێت؟ یەکێك لە رەخنەگرەکان گوتی: «ئەرکی رۆمان ئەوەیە ژووڕە تەواو سپییەکان رەنگ بکات.» ئەویتر

---

[1] – Appomattox شارێکە لەڤیرجینیای ناوین. ژەنڕاڵی فەرماندەی هێزەکانی باشوور لەساڵی ١٨٦٥ لەم شارەدا خۆی تەسلیمی ژەنڕاڵ گرانت کرد و شەڕی ناوخۆی ئەمریکا کۆتایی پێهات. بیانووی شەڕی ناوخۆش ئازادی کۆیلەکان لە لایەن باکوورییەکانەوە بوو.

[2] – لە بیرمان نەچێت کە کۆلیتی مامە تۆم Uncle Toms Cabin لە ساڵی ١٨١٢ واتە٥٣ سالّ بەر لە رووداوی ئاپۆماتۆس نووسراوە.

[3] – ئاماژەیە بۆ یەکێك لە بەرهەمەکانی نۆرمەن مایلێر Norman Mailer کە بە شێوەی سیناریۆ نووسراوە. مایلێر خۆی ئەو بەرهەمەی دەرهێناوە و خۆشی دەوری یەکەمی تیا گێڕاوە. ئەو کتێبە و فیلمەکەشی پڕن لە دیمەنی ڕووت و ناڕاسایی سێکسی.

گوتی: «ئەرکی رۆمان گێڕانەوەی هونەرمەندانەی گانە[1].» کەسێکیتریش گوتی: «ئەرکی رۆمان ئەوەیە شێوەی کڕین و ڕەفتار کردن لە رستورانە فەرانسەییەکان، فێری ژنانی ناو مالّی سەرۆکە مامناوەندییەکان بکات.»

لەو کاتەدا ئیزنی قسە کردنیان بە بیلی داو، بیلیش بەو دەنگە جوان و ڕاهاتووەیەوە، دەستی کرد بە گێڕانەوەی دەورییە بالّندەکان و مۆنتانا وایل هاك و هەندێك شتی لەم بابەتە.

لە دەرفەتی بلّاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی تیجاری، بە زمانی خۆش بیلیان دەرکرد و ئەویش بۆ ژوورەکەی خۆی لە ئوتێل گەڕایەوە. ئەوسا دراوێکی بیست و پێنج سەنتی خستە ناو ماشینی ئەنگوستە جادوویەکەو، خەوی لێکەوت. سەفەرێکی لە زەمەندا کرد و بۆ ترالفامادۆر گەڕایەوە.

مۆنتانا لێی پرسی: «دیسان بۆ سەفەری زەمەن چووبوویت؟» لە ژێر گومبەزییەکەدا شەوی دەسکرد بوو، مۆنتانا شیری بە منداڵەکەیان دەدا.

بیلی گوتی: «ها؟»

«دیسان بۆ سەفەری زەمەن چووبوویت. من دەزانم.»

«ئەرێ.»

«ئەمجارە بۆ کوێ چوویت؟ شەڕ نەبوو. بەوەش دەزانم.»

«نیۆیۆرك.»

«سێوی زل.»

«ها؟»

«لەکۆندا بە نیۆیۆرکیان دەگوت سێوی زل.»

---

[1] – دیسان ئاماژەیە بۆ ئەو بەرهەمەی مایلێر

«به راستته.»

«نەچوویت بۆ تیاتر یان سینەما؟»

«نا. خولێك به مەیدانی تایمزدا سووڕامەوە و کتێبێکی تراوتم کڕی.»

«خۆزگەم بەخۆت.» بەڵام ئەو وەك بیلی حەزی لە کیلگور تراوت نەبوو. بیلی بێهیچ غەرەز و مەرەزێك گوتی کە بەشێك لە فیلمێکی قێزەونی ئەویشی دیوە. قسەکەی بە شێوەی ترالفامادۆرییەکان دوور لە گڕێی تاوان بوو.

گوتی: «بەڵێ. منیش ئاگام لە کارەکانی تۆ لە کاتی شەڕ، هەیە. دەزانم چ قەشمەرێك بووی. هەروەها ئاگام لەو مامۆستای قوتابخانەشە کە ئیعدامیان کرد. دەزانم کابرا لە گەڵ دەستەی ئیعدامی فیلمێکی قێزەوندا یاری کردووە.» ئەوسا لە باوەشیدا ئەمبارەوبارێکی بە منداڵەکەی کردو، مەمکەکەی تری خستە ناو دەمییەوە. چونکا جەوهەری زەمەن بەمشێوە دیاری کرابوو، مۆنتانا جگە لەوە کارێکی تری پێنەدەکرا.

بیدەنگی زاڵ بوو.

مۆنتانا هەروا کە هەڵدەستا تا منداڵەکەی لە باوەش بگرێت، گوتی: «دیسان خەریکن یاری بە سەعاتەکان دەکەن.» مەبەستی ئەوە بوو کە چاودێرەکانیان خەریکی دەسکاری کردنی سەعاتە ئەلکترۆکییەکانی ناو گومبەزەکەن، تا سەرەتا توند و خێرا بجوولێن و، پاشان هێور و لەسەر خۆ و، دیسان توند و خێرا و، لە کۆنەکانەوە سەیری ئەم بنەماڵە بچووکە زەوینییە بکەن.

مۆنتانا وایلد هاك زنجیرێکی زیوی لە ملدا بوو، قاپێکی پێدا بەربووبۆوە کە دەگەیشتە مەمکەکانی. رەسمی دایکە ئەلکۆلییەکەی لە قاپەکەدا بوو کە بە پەڵەی دووکەڵ و گەچ داپۆشرابوو، دەکرا رەسمی هەرکەسێکی تریش بێت. لەسەر قاپەکە ئەم وشانە هەڵکەندرابوون.

خودایە دڵپاکییەکم بدەرێ،
تا مل بەو شتانە بدەم کە ناتوانم بیانگۆڕم.
نازایەتیم پێ عەتا کە، تا ئەو شتانە کە دەتوانم
بیانگۆڕم،
بیانگۆڕم.
هەروەها عەقڵێکم پێ ببەخشە
تا ئەم دوانە
لێك
هەڵاوێرم.

د ه

دوو شەو لەوەبەر رابێرت کنێدی، کە مالّی هاوینەی لە دوانزە کیلۆمەتری مالّی هاوینە و زستانەی منداید، بە گوللە کوژرا. ئەو دوێشەو مرد. بەلّێ، کاری دنیا ئاوایە.

مانگێك لەوەبەر مارتین لۆتەر کینگ بەگوللە پێکرا. ئەویش مـرد. بـەلّێ، کـاری دنیـا ئاوایە.

هەموو رۆژێك حکوومەتەکەی مـن، سـەرژمێری ئـەو کەسـانە دەکـات و بـە خـەلّکی رادەگەیەنێت کە زانستە سوپاییەکان لە ڤیەتنامدا کردوونی بە تەرم. بەلّێ، کاری دنیا ئاوایە.

باوکم دەمێك سالّە مردووە، ئەویش بە مەرگی سروشتی. بەلّێ، کاری دنیا ئاوایە. باکم پیاوێکی چاك بوو. ئەویش عاشقی تفەنگ بوو. تفەنگەکانی بـە مـیرات بـۆ بەجێهێـشتووم. تفەنگەکان دەرزێن.

بیلی پیل گریم دەڵێ لە ترالفامادۆر کەس مەسیحی زۆر خۆش ناوێت. تاکە کەسێکی زەوینی کە زەینی ترالفامادۆرییەکانی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردووە چارلز دارڤینە، کە فێرمان دەکات ئەوانەی کە دەمرن هیچ چارێکی تریان جگە لە مردن نییە و، هەموو تەرمێکیش جوولّەیەکی بەرەو پێشە. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

ئەم چەمکە گشتییە، لە کتێبی **تابلۆی گەورە** بەرهەمی کیلگور تراوتیش، دەبیندرێت. سەرنشینەکانی دەوروبەر بالّندەکە، لە بارەی دارڤینەوە پرسیار لە پالّەوانەکەی تراوت دەکەن کە بە دیل گرتوویانە. ئەوان لە بارەی گۆڵفیشەوە پرسیاری لێدەکەن.

ئەگەر ئەو شتانە کە بیلی پیل گریم لە ترالفامادۆر فێریان بووە راست بن. واتە ئێمە ئەگەرچی هەکدێك جار زۆر دەمرین بەڵام هەمیشە زیندوو دەمێنینەوە، من زۆر خۆشحاڵ نابم. بەوحاڵەش، ئەگەر قەرار بێ بۆ هەتا هەتایە سەیری ساتە جیاوازەکانی زەمەن بکەم، سپاسگوزاری ئەوەم کە زۆربەی ئەم ساتانە جوان بوون.

یەکێك لە جوانترین ساتەکانی ئەم ساڵانەی دوایی، ئەو سەفەرە بوو کە لەگەڵ هاوڕێی تافی شەرم، ئۆهار، بۆ دێرسدێنمان کرد.

لە بەرلینی رۆژهەڵات سوار یەکێك لە فڕۆکەکانی هێڵی ئاسمانی مەجارستان بووین. فڕۆکەوانەکە سمێڵێکی باخە گەسکی بوو، زۆر لە ئادۆڵف منیۆ[1] دەچوو. ئەو لە کاتی بەنزین تێکردنی فڕۆکەکەیدا جگەرەی بەرگی دەکێشا. کاتێك فڕۆکەکە بەرز دەبووەوە، کەس داوای نەدەکرد خۆمان بە کورسیەکانەوە ببەستینەوە.

---

[1] – Adolph Menjou ئەکتەری ئەمریکایی فیلمە بێدەنگەکان.

کاتێك فڕۆکەکە تەواو بەرز بووەوە، میواندارێکی گەنج نانی جۆ و سالامی و کەرە و پەنیر و شەرابی سپی بۆ هێناین. کەشەفەکەی بەر دەستی من نەدەکرایەوە. میواندارەکە بـۆ ئـەوەی شتێك بۆ کردنەوەی بدۆزێتەوە، خۆی بە ژووری فڕۆکەوانەکەدا کرد و بە ئامێرێکەوە هاتـە دەر کە قوتووی بیرەیان پێ هەڵدەپچڕی. ئەو بەو ئامێرە کەشەفەکەی کردەوە.

ئەو فڕۆکە تەنیا شەش موسافیری دیکەی هەبوو کە بە زمانی جۆراوجۆر دەدوان. ئەوانیش خۆشیان لێڕادەبرا. ئالّمانی ڕۆژهەڵات لە ژێر پێماندا بوو، چـراکانی هـەڵکرابوون. بـە خـەیاڵ بۆمبێکم بەسەر چراکاندا، بەسەر هەموو گوندەکاندا، بەسەر هەموو شارە گەورە و بچووکەکاندا خستە خوار.

من و ئۆهار هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووین پارەیەکی زۆرمـان دەسـت کـەوێت. بـەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە، وەزعی هەر دووکمان زۆر باشە.

بە لاساریـیەوە پێم گوت: «ئەگەر ڕۆژێك ڕێت کەوتە شاری کادی لە ڤایۆمینگ، سۆراخی بابی بێمێشك بگرە.»

ئۆهار دەفتەر یاداشتێکی بچووکی پێ بوو. لە پشت دەفتەرەکە، پارەی مەسرەفی پۆست و مەودا ئاسمانییەکان و ڕادەی بەرزیی کێوە بەناوبانگەکان و ڕاستییەکانیتری دنیا چاپ کرابـوو. ئۆهار بە شوێن ڕێژەی حەشیمەتی دڕێسدێندا دەگەڕا، کە بێگومان لەو دەفتەرەدا نـەبوو. ئـەو شتێکی دۆزییەوە و داوای لێکردم بیخوێنمەوە.

هەموو ڕۆژێك نزیکەی ٣٢٤٠٠٠ کۆرپە لە دایك دەبن. هەر لەو ڕۆژەدا نزیکەی ١٠٠٠٠ کەس لە بەر برسیایەتی یان خراپ خۆری دەمرن. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە. جگـە لەمانـەش ١٢٣٠٠٠ کەس بە هۆی تڕەوە دەمرن. بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە. بەمشێوە هـەموو ڕۆژێـك ١٩١٠٠٠ کەس دەمێننەوە. ناوەندی ئامار، پێشبینی دەکات کە تا بەر لە سـاڵی ٢٠٠٠، حەشیمەتی دنیا دەبێتە دوو بەرامبەر و لە ٧٠٠٠٠٠٠٠٠ کەس تێدەپەڕێت.

گوتم: «رەنگە هەمووشیان بیانەوێ بە سەروەت و سامانێك بگەن.»

ئۆهار گوتی: «پێموابێ.»

لەو کاتەدا بیلی پیل گرمیش دەگەڕایەوە بۆ دریسدێن. بەڵام نەك لە زەمەنی ئێستادا، بەڵکوو لە ساڵی ١٩٤٥و، لە رۆژی پاش تیاچوونی شار. هەر ئەو کاتە، نیگابانەکان بیلی و ئەوانیتریان بۆ ناو کەلاوەکان بردەوە. منیش لەوێ بووم. ئۆهاریش لەوێ بوو. دوو شەو لەوە پێش لە تەویلەی خاوەنە کوێرەکەی میوانخانەکە بووین. بەرپرسە ئالمانییەکان ئێمەیان لەوێ دۆزییەوە، ئەرکەکانمانیان پێ راگەیاندین. ئێمە دەبوو پاچ و بێل و نوێڵمان لە دروازێکان قەرز بکردایە. دەبوو بەم ئامێرانەوە بچووینایە بۆ شوێنی تایبەت لە کەلاوەکانداو، خۆمان بۆ کار کردن ئامادە بکردایە.

لەو شەقامە سەرەکییانە کە بەرەو کەلاوەکان دەچوون، سەنگەریان دامەزراندبوو، بەریان بە ئالمانییەکان دەگرت. ئالمانییەکان مافی کەشف و دۆزینەوەیان لە مانگ نەبوو.

ئەو بەیانییە دیلەکانی سەر بە هەموو ولاتەکان، لە شوێنە تایبەتییەکانی خۆیان لە دریسدێن کۆبوونەوە. ئەمر کرابوو لەو شوێنە، بۆ دۆزینەوەی تەرمەکان عەرز هەلکەنن. بۆیە هەلکەندنی عەرز دەستی پێکرد.

بیلی و کەسێکی خێڵی مائووری کە لە توبروك بە دیل گیرابوو، پێکەوە دەستیان بە هەلکەندن کرد. رەنگی پێستی ئەم مائووریە بە رەگەز زێلاندی نوێیە، قاوەیی شوکولاتی بوو. لە سەر ناوچاوان و گۆناکانی، چاڵاوێکیان بەخاڵ کوتابوو. بیلی و مائوریەکە عەرزی بێگیان و متمانە پێنەکردووی مانگیان هەڵدەکەند. هەموو شتێکی ژێر پێیان سست بوو، زەوییەکە بەردەوام هەرەسی دەهێنا.

لە یەك کاتدا زۆر چاڵ هەلکەندرا. هێشتا کەس نەیدەزانی بە شوێن چیدا دەگەڕێت. زۆربەی ئەو چاڵانە بە هیچ کوێ نەگەیشتن. ئەوان، یان دەگەیشتنە شۆستەیەك یان دەگەیشتنە

ئەو گاڤەردانە کە کەس نەیدەتوانی بیانجوولێنێ. ئامێرێکی وەهای لێنەبوو. نە ئەسپ، نە ئێستر، نە گا، هیچیان نەیاندەتوانی بە سەر عەرزی مانگدا بڕۆن.

بیلی و مائوری و ئەو کەسانەش کە بۆ هەڵگەندنی چاڵەکان یارمەتیان دەدان، لە ئەنجامدا گەیشتنە کۆمەڵە تەختەیەک کە لە پاڵ یەکتر، لەسەر چەند تەختە بەردێک کەوتبوون. وا ڕێکەوتبوو کە ئەم تەختە بەردانە بە شێوەیەک لە پاڵ یەکتر دابندرێن کە شتێکی وەک گومبەزییان لێ ساز بووبوو. ئەوان تەختەکانیان کون کرد. ژێر تەختەکان تاریکی بوو.

سەربازێکی ئالمانی بە ئەلەکتریکێکەوە خۆی بە تاریکییەکەدا کرد. ڕۆشتنەکەی زۆری خایاند. بەڵام ئاخرییەکەی دەرکەوتەوە و بە سەرگەورەکەی گوت: لەو خواریە دەیان تەرمی لێیە. هەموو تەرمەکان لە سەر کورسییەکی لاکێشە دانیشتبوون و، بچووکترین نیشانەیەک بە لەشیانەوە نەبوو.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

سەرگەورەکەی، کە لە پاڵ چاڵەکە ڕاوەستابوو، گوتی: دەبێ کونی سەر تەختەکان هەراوتر بکەن و، بۆ هەڵگیڕانی تەرمەکان پەیژە بێنن. بەمشێوە یەکەم کانە تەرم لە درێسدێن دامەزرا.

زۆری نەخایاند کە سەدان کانە تەرم دەست بە کار بوون. سەرەتا بۆگەنییان لێنەدەهات، لە مۆزەخانەی پەیکەرە مۆمیاییەکان دەچوون. بەڵام دواتر تەرمەکان لێک بڵاو بوونەوە و توانەوە و بۆنی گوڵ و گازی خەردەلیان لێ هات.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

کاتێک ئەمریان بە مائوری کرد کە بە بێڵەکەیەوە بچێتە ناو پیسایەکە و کار بکات، ئەوەندە ڕشایەوە تا مرد. لە کاتی ڕشانەوە، ڕشانەوە، ڕشانەوەدا خۆی لەت و کوت کرد.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

لەبەر ئەوە بوو کە شێوازێکی تازەیان داهێنا. ئیتر تەرمەکانیان هەڵنەدەگێڕایە سەر، بەڵکوو هەر لەوێ و، بەو وەزعەوە دەیانسووتاندن. سەربازەکان هەر لەوێ لە پاڵ پەناگاکاندا رادەوەستان و، بڵێسە ئاگری پڕۆنەکانیان بۆ ناو پەناگاکان رەوانە دەکرد.

لە یەکێك لەم شوێنانە، مامۆستای کلۆڵی قۆتابخانەی خۆشمان، ئێدگار دێربیان بە قۆربێکەوە گرت کە لە سەرداوێك هەڵیگرتبوو. تاوانی تاڵان کردنیان دایەپاڵ و، پاش مەحکەمە کردنی ئیعدامیان کرد.

بەڵێ، کاری دنیا ئاوایە.

ئەوسا لە شوێنێك بوو بە بەهار. کانە تەرمەکانیان داخست. سەربازەکان بۆ شەڕ لەگەڵ رووسەکان ئەوێیان بەجێهێشت. لەو دەور و بەرەش، ژن و منداڵ دەستیان بە هەڵکەندنی سەنگەر کرد. بیلی و ئەوانیتریان لە تەویلەیەکی قەراغ شار زیندانی کرد. ئەوسا بەیانییەك لە خەو هەستان و دیان دەرکەی تەویلەکە دانەخراوە. شەڕی دووهەمی جیهانی لە ئوروپا کۆتایی پێهاتبوو.

بیلی و ئەوانیتر خۆیان بە شەقامێکی پڕ دار و درەختدا کرد. دارەکان گەڵایان دابوو. لە شەقامەکەدا هیچ هەواڵێك نەبوو. هیچ کەرەسەیەکی راگوێزان بەدەرەوە نەبوو. تەنیا داشقەیەکی دوو ئەسپەی بێخاوەن لە شەقامەکەدا بوو. داشقەیەکی سەوز لە شێوەی تابووت. باڵندەکان دەدوان.

باڵندەیەك بە بیلی پیل گریمی گوت: «جیك جیك جیك؟»